# ڕۆشنبیـــری بنەماڵەی ئەیوبـی و ڕۆڵیان لە بڵاوکردنەوەی لایەنی مەعریفی وفێرکردن لـە میسر و شام لە سەدەی شەش و حەوتی کۆچی /سیانزەی زایەنیدا

د. ئەحمەد ڕەزا ئەحمەد

زانکۆی ڕاپەرین – فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتیەکان – بەشی مێژوو

**پوختەیەك:**

دیارە بەهۆی ئەو سیستەمەی کە ئەیوبیەکان لە بواری فێربووندا پەیڕەویان دەکرد کە خاڵێکی وەرچەرخان بـوو لـە ئاراسـتە کردنی کۆمەڵگە بۆ قۆناغێکی نوێ و بەرەوپێش چـوون و پێگەیانـدنی کەسـانی سـەرکردەو زانـاو کەسـایەتیە بـەتواناکان کـە خزمەتێکی زۆریان بە وولات کردووە، ئەم بزووتنەوە ڕۆشـنبیریە کـە لەسـەردەمی ئەیوبیەکانـدا بـوونی هـەبووە بـەرەو پـێش چـوونێکی باشـی بەخۆیـەوە بینیـووە لەچـاو سـەردەمەکانی پـێش خـۆی، بەشـێوەیەکی گشـتی لەسـەردەمی ئەیوبیـەکان و بەتایبەتی دامەزراوە فێرکارییەکان بوونـە مەڵبەنـدی زانسـت و فێربـوون وە وەکـو شـوێنێکی سـەربەخۆی دام و دەزگایـەکی دەوڵەتی ئەژمار دەکرا.

توێژەر بە پێویستی دەزانێ کە لەم توێژینەوەدا تێشك بخاتە سەر گرنگی ئەم بابەتە کە ئامانج لی دەرخستنی خودی ئاسـتی ڕۆشنبیری تاکەکانی بنەماڵەی ئەیوبی و ئەو حەز وئارەزوویانەی کە لە لایان کۆببووە مەبەستمان ئەوەیە کە چیان پـێ بـووە لە بواری زانستی ئاینی ومەعریفی و شیعر و یان نووسین و دەرکردنی کتێب و بەشداریان لە کۆڕو گفتوگۆ زانسـتیەکان خولیـا و حەزەکانیان لە کتێب خوێندنەوە و ئاراستەی هزری و یان شارەزا بوون لە بواری جوگرافیا و مێژوو هاو کات تیشك خسـتنە سـەر ڕۆڵیـان لـە دروسـت کردنـی دامـەزراوەی فێرکـاری تـەرخانکردنی سـامانی بـێ شـومار لـە پێنـاو بـەردەوام بـوونی ئـەو دامەزراوانە، ئەم دامەزراوانە خزمەتێکی زۆریان بە خەڵکی ئەو سەردەمە پێشکەش کردووە لە شام و میسر دا.

ئەم توێژینەوە دابەش کراوە بۆ چەند بەشێك لەوانە **بەشی یەکەم** / ئاماژە کردنە بە کورتەیەك لەسەر ڕەچەڵەك و دەرکەوتنی ئەیوبیەکان لە گۆڕەپانی ڕامیاری، **بەشی دووەم**/ ئاماژە کراوە بە ڕۆشنبیری و ئەیوبیەکان، پاشان **لە بەشـی سـێیەم** /باسـی ڕۆشنبیری جێگرەوەکانی سەلاحەددینی ئەیوبی کراوە لە گەڵ ئاماژە کردن بە ڕۆڵی ئەیوبیەکان لە پێشخستنی کتێبخانە ، **لە بەشی چوارەم** / ئاماژە کراوە بە ڕۆشنبیری ئافرەتەکانی بنەماڵە ئەیوبی.

**وشە زۆر بە کارهاتووەکان: ئەیوبیەکان، ڕۆشنبیری، دامەزراوەی فیرکاری، زانستی ئایینی، فیربوون، کتێبخانە.**

## ملخص البحث

تعتبر العصر الايوبي احد العصور المتقدمة في الجانب العلمي والثقافي حيث ان اكثر السلاطين وشخصيات الايوبية كانوا في مستوى ثقافي عالي ، ففي هذا المجال كانوا في طليعة الامراء والحكام المعاصرين لهم والعصور اللاحقة في العالم الاسلامي في العصور الوسطى ، الهدف من هذا البحث هو الوقوف على الثقافة الشخصية لهؤلاء ، بالرغم من ان هناك الكثير من الدراسات حول الجانب الحضاري او العلمي والمؤسسات التعليمية عن هذا العصر ، ولكن ليس هناك الحديث عن التفاصيل الدقيقة لثقافة الملوك والسلاطين وافراد البيت الايوبي ونتاجتهم ومشاركاتهم في المناظرات والمجالس العلمية ودورهم الادبي واللغوي اضافة الى العديد من النشاطات الاخرى ، لذا حاول البحث قدر الامكان ان يبين هذه التفاصيل الدقيقة. فمن خلال البحث والتمعن ظهر للباحث ان من بين اعضاء العائلة الايوبية ظهر الكثير من العلماء والمؤرخين والجغرافيين واللغويين والنحويين والادباء، فقد اشر الى ذلك الصادر المعاصة لتلك الفترة، بل يعتبر بعض من نتاجاتهم مصادر مهمة في الجانب التاريخي والجغرافي والادبي ، لايمكن الاستغناء عنها.

## Abstract

The era (peryod) of Ayuobione of the Sophisticated and Prosperous in Scientific and cultural terms. This is because most of the Sultans and figures of this family they were highly educated, which is the subject of our research, in this area, they were pioneers, compared to their peers, in the Muslim world In the Middle Ages. We refer here to identify the cultural level of the individual, In many cases we read or been searching for leaders Been talking about the cultural, especially the scientific side aspect and educational institution-building, But is not addressed to the cultural level of *Sultans* and their hobbies, Outcomes, participation, discourses and their confrontations In the scientific field. And many other activities have not been taken care of.

It is worth mentioning that among the members of this family appeared many historians, geographers, linguists, poets and lovers of literature, A lot of sources and historians of that period has been pointed out to the extent that the products of the Ayyubid period is an important historical sources. There is the other side of the interesting family members Ayyubid and cultural level is to give their money and their wealth for the development of the scientific aspect and service scientists, students and educational institutions. In addition to building and reconstruction of a lot of educational institutions, These institutions that contributed to the maturation of a lot of characters in a variety of areas. And those who have served the state and the Ayyubid and after them.

## بەشی یەکەم /دەرکەوتنی دەوڵەتی ئەیوبی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ٥٧٠ ك/١١٧٤ ز

## باسی یەکەم: رەچەڵەك و شوێنی جوگرافیای ئەیوبیەکان

دەوڵـەتی ئـەیوبی دەگەڕێتـەوە بـۆ نـاوی ئـەیوب کـوڕی شـادی، بـاوکی سـەڵاحەددین، ئەمانـە لـە هـۆزی رەوادی[i] سـەربە عەشیرەتی گەورەی هەزبانی[ii] بوون، لە شاری دوین[iii] نیشتەجی بوون. بـە کـوردە نـاودارو چاکەکارەکان دەژمێـردرێن. شادی باپیرە گەورەی ئەم بنەماڵەیە بوو[iv]. زانیاری زۆر لە سەر سەرەتای دەرکەوتنی ئەم بنە ماڵەیە و بەشداریان لە ژیانی سیاسی لە بەغداد نیە، وە ئەمە شتێکی سروشتییە چـونکە گرنگیـدانی مێژوونووسـەکان بـە ئەیوبیـەکان لـە دوای بەشـداری کردنیان لە لەشکرکێشیەکانی زەنگیەکان بوو بۆ سەر وڵاتی میسر دەرکەوت، زۆربەی سەرچاوەکان لە سەر ئەوە کـۆکن کـە تاکەکانی ئەم خێزانە بەتایبەتی شادی و هەردوو کوڕەکەی ئەیوب و شێرکوە شاری دوینیان بە جێهێشت روویان کردە عێراق کە بارەگای خیلافەی عەبباسی لێ بوو[v]، وە سەنتەری جیهانی ئیسـلامی بـوو، لـەوێ بـە کرداری دەسـتیان کـرد بـە ژیـانی سیاسی، یەکەم کاریان کە ئەنجامیان دا دەسنیشان کردنی شادی بوو بە پارێزەری قەڵای تکریت. لـەدوای مردنـی شـادی لـە (٥٢٠ك /١١٢٦ز) نجم الدین ئەیوبی کوڕی جێگای گرتەوە[vi]. هەندێك لە نووسەران و مێژوو نوسان هەوڵیانداوە بنچینەی کوردی ئەیوبی بگۆڕن گەڕاندویانەتەوە بۆ عەرەب لە ناویشیاندا بۆ پشتی ئەیوبیەکان چونکە لە کۆنـدا خێڵـە عەرەبـەکان لـە گـەڵ کوردەکـان بوون، ژن و ژن خوازیان کردووە لە گەڵیان ئەو عەشیرەتەش بە دیاریکراوی مەروانین، مەروانیەکانیش رەچەڵەکیان لە بنەماڵـەی بـەنی ئومەویەیە[vii].

جوگرافی ناسی بەناوبانگ یاقوتی ئەلحەمەوی لە (٦٢٦ك/١٢٢٨ ز) مردووە، لە سەر زێدی ئەیوبیەکان دەڵێ: (کوردن خەڵکی شاری دوینن لە کوردە شەرفمەندەکان، وە دوین کە یەکێکە لە ناحیەکانی ئاران لە کۆتایی سنوری ئازەربیجان لە نزیك تەفلیس)[viii]. بەگەڕانەوە بۆ سەرچاوە کۆنەکان دەردەکەوێت کە ئەیوبیەکان خەڵکی دوینی ئەرمەنستانن، چونکە زۆربەی ئەو مێژوو نوسانەی کە هاوسەردەمی ئەیوبیەکانن یان کەمێك دوای ئەوان دەرکەوتوون ئاماژە بەدوینی ئەرمەنستان دەکەن، هەروەها هەندێك سەرچاوەی تر باس لە شوێنی ئەم خانەوادەیە دەکەن وتراوە لە دوین یان دبیل بوون، دبیل شارێکە دەکەوێتە سنوری ئازەربیجان لە باکوری ناوچەی ئەرمینیایە[ix]. ئەوەی هەموو مێژوونوسان لە سەری کۆکن ئەوەیە کە شادی کوڕی ئەیوب لە بنەڕەتدا خەڵکی گوندێکە بەناوی ئەجاد قان دواتر هاتووە بۆ شارۆچکەی دوین[x].

## باسی دووەم /دامەزراندنی دەوڵەتی ئەیوبی (٥٧٠ك/١١٧٤ز)

ئەیوبیەکان بۆ بەدەست هێنانی بەرژەوەندی رامیاریان لە دوین کۆچیان کرد بـۆ تکریـت، خـزم و کـەس و کاریـان لـە گـەڵیان بوون، پەیوەندیان بە (مجاهدین بەهرۆز) کرد کە پێشتر هاوڕێی شادی بووە، بەهرۆز لـە کەسـە نزیکـەکانی سـوڵتان مسـعودی سەلجوقی (٥٤٧ك/١١٥٢ز) بوو، بە هۆی دڵسۆزی فـەرمانڕەوایی تکریتـی پـێ بەخشـیووە[xi]، ئـەویش شـادی و بنەماڵەکـەی بانگێشتی تکریت کرد، شادی باوکی نجمەدین لە تکریت کۆچی دوایـی کـرد گۆڕەکـەی دیـار و ناسـراوە لـەوێ، یەکـەم کـاری نەجمەدین و ئەسەددەدین شێرکۆی برای بەرپرسیارەتی بـەڕێوەبردنی قـەڵای تکریتیـان پێبەخشـراوە، پەیوەنـدی بـەهرۆز و نەجمەدین تێکچوو بەهۆی کوشتنی پیاوێك بە ناوی (الإسفهسار)لە لایەن شێرکۆی برای، بۆیـە بـەهرۆز داوای لێکـردن تکریـت بەجێ بهێڵن، لە (٥٣٢ ك/١١٣٧ ز) ئەوەش هاوکاتە لەگەڵ لـە دایك بـوونی سـەلاحەددین بەشـێك لـە ئەنـدامانی بنەماڵەکـەی بەشـتێکی شـومیان زانیـوە، (عیمـادەدینی زەنگـی)[xii] لـە موصـل پێشـوازیەکی گـەرمی لێکـردن[xiii]. لـە دوای مردنـی عیماددەدین بنەماڵـەی شـادی چـووە لای (نـورەدین محمـود)[xiv] کـە زۆربـەی (شـام، حلـب، جزیـرەی) لەدەسـت دابـووە، خەلیفەی فاتمی العاچد لە ساڵی (٥٦٤ك/١١٩٦ز) پەنای بۆ نورەدین بـرد بـۆ ڕزگـارکردنی لـە دەسـت فرەنجیـەکان وململانـی ناوخۆیەکانی گەورە بەرپرسان وڵات لە سەر دەسەڵاتی وەزارەت، ئەویش بەسەرکردایەتی شێرکۆ لەشکرکێشیەکی گـەورەی

بەرەو میصر نارد، شێركۆ فرەنجیەكانی دور خستەوە و (شاوری) وەزیری میصری كوشت خۆی بـوو بـەوەزیر لـە میسـر[xv].
شێركۆ كتوپڕ لە ڕۆژی (شەممە ٢٢ی مانگی جمادی الاخیری ساڵی (٥٦٤ ك/١١٦٨ ز) مردووە ماوەی دەسـتەڵاتی دوومـانگ و (٥ ڕۆژ) بووە[xvi]. خلیفەی فاتمی العاضد سەلاحەددینی كـردە وەزیـر، بـەر لـە مردنـی العاچـد سـەلاحەددین وتـاری بـەناوی خلیفەی عباسی لە میصر خوێندەوە، بە مردنی العاضد دەوڵەتی فاتمیەكان كۆتـایی پێهـات، لـە (٥٦٩ ك/١١٧٣ ز) نـورەدین محمودیش مرد، بەمەش سەلاحەددین بوو بە كەسی یەكەم لە میسر[xvii]، دوای مردنی نورەددین (صـالح اسمـاعیلی) كـوڕی جێگای گرتەوە كە تەمەنی لە نێوان (١٠ بۆ ١١) ساڵان دا بووە، هەندێك لـە سـەرۆك سـوپاكان لێـی هەڵگەڕانـەوە، لـە هـەمان كات دا پێویست بوو بەرەی ئیسلام یـەك بگرێـت بـۆ ڕوبەڕوبونـەوەی خاچیەكان، وهـەروەها لـە سـەر داوای گـەورە پیـاوانی دەوڵەتی زەنگی لە سەڵاحەددین بۆ دەسخستنە ناو كاروباری وولاتی شام،چونكە لەو كاتەدا شام بەرەو خراپی دەچـوو بۆیـە سەلاحەددین سوپایەكی لە میصرەوە بەرەو ئەوی جولاند، پێكهاتەی سوپاكە تێكهەڵ بوو لە (كـورد – تـورك) وە ڕێژەیـەكی كەمیش لە نەتەوەكانی تر، دەستەڵاتدارانی دیمەشق بەدوای سەلاحەددینیان نارد، خلیفـەی عباسـی(المستضـیء) پشـتگیری لێكرد لە (٥٧٠ ك/١١٧٤ ز) سەلاحەددین لە دیمەشق كاروباری ڕیكخست دژی هاوپـەیمانانی زەنگـی چـووە شـەڕێكی یـەكلایی كەرەوە، بەسەركردایەتی مەلیك ئیسماعیلی زەنگینی لە نزیك حما، سەلاحەددین سەركەوتنی بەدەست هێنا، دەستی بەسـەر شام دا گرت بەمەش توانی میسر و شـام یـەك بخـات[xviii]. یـەكێك لـە دەسـكەوتەكانی سـەلاحەددین سـەركەوتنی بـوو لـە شـەڕی حـەتین و ڕزگـار كردنـی قـودس، لـە سـاڵی (٥٨٣ ك/١١٨٧ ز) سـەلاحەددین بڕیـاری دا هێـرش بكاتـە سـەر دەسـت درێژیـەكانی (رینـوك شـاتیون) فـەرمان رەوای كـەرەك[xix]، فـەرمان ڕەوای كـەرەك تـوانی (جـای لوزینانـدی) پاشـای بەیتولمەقدس ڕازی بكـات تـاكو سـوپای ئـەو ناوچـەیە بـەكاربهێنێت بـۆ ڕوبەڕوبوونـەوەی سـەلاحەددین لـەكاتی هـاتنی لـە میسرەوە، هەردوو لا لە ناوچەی حەتین لە نزیك تەبەریە بە یەك گەیشتن لـە وێدا سـەلاحەددین شكسـتێكی گـەورەی توشـی سوپای خاچیەكان كرد، پاشای بەیتولمەقدس وفەرمان ڕەوای كەرەكی رینوك شاتیونی بە دیل گـرت[xx]، سـەلاحەددین بـاش دەیزانی سەركردەكانی ئەوروپا چـاویان برِیوەتـە ڕۆژهـەلات، بۆیـە بانگـەوازی بـۆ هـەموو گـەلانی ڕۆژهـەڵات كـرد بـۆ شـەڕی خاچیەكان خۆیان ئامادە بكەن، ژمارەیەكی زۆر لە تیرەكانی (كورد، عـەرەب، ئەرمـەن، ئاشـور، جـۆرجی) چـونە ژێـر ئـاڵای سەلاحەددین[xxi]. سەلاحەددین ڕووی كردە عەسقەلان[xxii] و گرتی دواتر گەلێك شوێنی تری گرت، لـە مـاوەی دوو مـانگ دا سەركەوتنێكی زۆری بەدەست هێنا، بەمەش ڕێگای قودس بۆ لەشكری ئیسلام كرایەوە، سوڵتان ژمارەیەك پیـاو مـاقولی نـارد بـۆ قـودس داوای تەسـلیم بـوونی لێكـردن بـۆ ئـەوەی شـارەكە توشـی زیـان و ڕوخـان نـەبێت، بـەڵام خاچـیەكان بەمـە ڕازی نەبوون[xxiii]. بۆیە شالاوی سێ یەمی خاچـیەكان بـە سـەركردایەتی (ریشـارد قلـب الاسـد) دڵـی شـێری بـەریتانی و (فلیـپ ئۆگست) پاشای فەرەنساو (فریدریك برِبروسەی) ئیمپراتۆری ئەڵمانیا دەسـتی پێكـرد[xxiv]. خاچـیەكان بـەردەوام هێرشـیان دەبردە ناوچە سنوریەكانی وولاتی شام، سەلاحەددین هەوڵی دا پێشڕەویان لە فەڵەستین بووەسـتێنی بـەڵام لـە نزیـك گـردی جەزیرەكان لە باشوری خۆرهەڵاتی ڕملە لە (٥٧٢ ك/١١٧٦ ز) توشی شكست بوون، دوای دوو سـاڵ لـە نزیـك تەلئـەلقازی لـە (٥٧٤ك /١١٧٨ز) بەسەر پاشا بلدوینی چوارەمدا سەركەوت، بۆیە لە (٥٧٥ ك /١١٧٩ ز) داوای ئاگربەستی كرد بۆ ماوەی دوو ساڵ بەناوی ئاگربەستی ڕملە، فەرمانڕەوای كەڕەك لە (٥٧٨ ك /١١٨٢ ز) هێرش بردنە سەر مەككـە و مدینـەی جـێ بـە جـێ كـرد، بـە مـەش ئاگربەسـتەكە هەڵوەشـایەوە بۆیـە سـەلاحەددین لـە مـانگی ڕەجـەبی (٥٨٣ ك /١١٨٧ ز) شكسـتی توشـی خاچیەكان كرد خۆیی و سوپاكەی چونە ناو شاری قودس[xxv]. سوڵتان نزیكەی مانگێك لە قودس مایەوە مزگەوتی ژیانـدەوە و قوتابخانەی دامەزراندنەوە، ڕێگای دا بەو خاچیانەی لە وێدا مابونەوە بەمەرجێك لـە بەرامبـەر پاراسـتنیان بـۆ هـەر پیاوێـك (١٠) دینار و بۆ ئافرەت (٥) دینار و بۆ منداڵ (٢) دینار بدەن وەكو سەرانە[xxvi]، لـە دوای مردنـی سـەلاحەددین جۆرێـك لـە نائارامی و پشێوی پێكدادانی دەرەكی لە مێژووی دەوڵەتی ئەیوبی سـەری هەڵـدا ئەمـەش بـۆ ڕكابەرایـەتی نێـوان كوڕەكـانی

سەلاحەددین و خێزانی ئەیوبی دەگەڕێتەوە. چونکە بەر لە مردنی ناوچەکانی بەسەر کوڕەکانی دابەش کرد، فەلەستین و سوریای دا بە (الافضل علی) وە میصری بە (العزیز) سپاردبوو، هەروەها حەلەبیشی بە (زاهیر غازی) دابوو، مەلیك عادلی براشی بەشێك لە جزیرەی لە دەست دا بوو، دوای ماوەیەك مەلیك عزیز و مەلیك عادلی برای سوڵتان هێرشیان کردە سەر مەلیك الافچل فەرمانڕەوای شام لە (٥٩٢ ك/١١٩٥ ز) دیمەشق خرایە ژێر دەستی مەلیك عادل، لە ساڵی (٥٩٥ ك/١١٩٧ ز) مەلیك عزیز مرد، بە مەش بۆماوەیەکی کەم میصر کەوتە ژێر دەستی مەلیك ألفچل، چونکە دواتر مەلیك عادل میصری خستە ژێر دەستی خۆی، لەساڵی (٦٢٢ ك/١٢٢٥ ز) مەلیكالأفضل مرد، مەلیك زاهیر غازی بەرهەڵستی مەلیك عادلی نەئەکرد کە فەرمانڕەوای حلب بوو، چونکە زاوای مەلیك عادل بوو، لە ساڵی (٦١٣ ك /١٢١٦ ز) مەلیك زاهیر غازی مرد، بەمەش مەلیك عادل دیمەشق و میصری خستە ژێر دەستی خۆی توانی بۆ جاری دووەم میصر و شام یەك بخات[xxvii].

مەلیك عادلیش بە هەمان شێوەی سوڵتان سەلاحەددین ناوچەکانی بەسەر کوڕەکانی دا دابەش کرد، میصری بەخشی بە مەلیك کامیل، وەمەلیك موعەزەمی کردە حاکمی دیمەشق،مەلیك ئەشرەفی کرد بە فەرمانڕەوای جزیرە، لە ساڵی (٦١٥ ك /١٢١٨ ز) مەلیك عادل کۆچی دوایی کرد، کوڕەکانی مەلیك عادل لەناوخۆدا ناکۆکی کەوتە نێوانیان دوای مردنی باوکیان، مەلیك کامیل بەرەو دیمەشق چوو تاکو لەگەڵ مەلیك ئەشرەف بجەنگێت، بەڵام لەو کاتەدا مەلیك ئەشرەف مرد، مەلیك کاملیش لە ساڵی (٦٣٥ ك /١٢٣٧ ز) مرد، مەلیك عادلی دووەمی کوڕی هاتە جێی، دوای دوو ساڵ مەلیك ساڵەح ئەیوبی برای لە میصر دەری کرد، بارودۆخەکە وای کرد کە مەلیك ساڵەح ئەیوب بۆ جاری سێ یەم هەموو دەوڵەتی ئەیوبی یەك بخاتەوە تاکو حەلەب و ناوچەی جەزیرە، سەردەمی سالح ئەیوب پڕ بوو لە ململانێی نێوان ئەندامانی خێزانی ئەیوبی لە لایەك و خاچیەکان و خەوارزمیەکان بە کرێ گیراوەکان لە لایەکی ترەوە، لە ساڵی (٦٤٧ ك /١٢٤٩ ز) شاڵاوی حەوتەمی خاچیەکان لەسەر دەستی لویسی نۆیەم پاشای فەڕەنسا دەستی پێکرد بەرەو میسر، خاچیەکان شاری(دمیاط)تیان داگیر کرد، ئەو کاتە ساڵەح ئەیوب نەخۆش بوو لە مانگی شەعبانی هەمان ساڵدا مرد (٦٤٧ ك /١٢٤٩ ز)،(الشجر الدر)ی خێزانی مردنەکەی شاردەوە تاکو موعەزەم توران شاە کوڕی لە جەزیرەوە گەڕایەوە، لە گەڵ سوپاکەی کە لە مەمالیکەکان پێك هاتبوو، توانی (دمیاط)لە دەستی خاچیەکان ڕزگار بکات، لویسی نۆیەمی بەدیل بگرێت، هەڵسوکەوتی (توران شاە) وای کرد کە مەمالیکیەکان بە هاوکاری (الشجر الدر)ی بیکوژن و شجرە دوریان لە جێگەی دانا[xxviii]. مێژوو نوسان لە بارەی کۆتایی هاتنی دەوڵەتی ئەیوبی لە میسر و سەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی مەمالیکی دەریایی بۆچونی جیاوازیان هەیە، هەندێکیان پێیان وایە بە کوشتنی مەلیك موعەزەم کۆتایی بە دەستەڵاتی ئەیوبیەکان هات لە میسر، شجرە دور دادەنرێت بە یەکەم سوڵتانی مەمالیك لە میسر، بەڵام ڕای تر پێیان وایە دەستەڵاتی شجرە دور بەردەوامبوون و درێژبوونەوەی دەوڵەتی ئەیوبیە، بەڵام بۆچونی سێ یەم پێی وایە ماوەی دەستەڵاتی شجرە دور بە بەشێك لە قۆناغی گواستنەوەو کۆتایی هاتنی دەوڵەتی ئەیوبی و دروست بوونی دەوڵەتی مەمالیکی دەریایی دادەنرێت[xxix].

## بەشی دووەم / ڕۆشنبیری و ئەیوبیەكان

### باسی یەكەم: فەرمانڕەوایان و ڕۆشنبیری

لە مێژووی شارستانیەتی موسڵماناندا دیاردەیەكی نایاب بە دی دەكرێت ئەویش رۆڵی خەلیفەو پادشا وسوڵتانەكان و فەرمانرەوایانە بە گشتی لە بە شداری كردنیانە لە پەرەپێدانی لایەنی رۆشنبیری و خزمەتكردنی ڕەوتی زانستی لە سەردەمەكانی خۆیاندا لە شارو پایتەختی وڵاتەكانیاندا، ئەم دیاردەیە بۆتە مایەی تێروانین و تیارامانی توێژەران كە بەراستی بە یەكێك لە دیاردە دیارەكانی سەدەكانی ناوەراست دادەنرێت. زۆر جار كاتێك باس لە سەردەمی دەوڵەتێك یان میرنشینێك یان فەرمانرەوای ناوچەیەك دەكرێت زۆر ئەستەمە بتوانرێت فەرامۆشی لایەنی رۆشنبیری و زانستی و ئاواكاری بكرێت چونكە ئەم لایەنانە بە شاكاری ئەم كەسانە ئەژماردەكرێت لە سەردەمی فەرمانرەوایاندا، ئەم دیاردەیە زۆر لە مێژە دەركەوتووە، بەڵام بە پێی سەردەمە جیاوازەكانی دیاردەكە گۆڕان و گەشەسەندنی بەسەر هاتووە و زیاتر فراوانبووە و ڕووە دیارەكانی دەركەوتووە، بە تایبەتی لە سەردەمی خەلافەتی عەبباسی (١٣٢-٦٥٥ك/٧٤٩-١٢٥٨ز) ئەم دیاردەیە بۆتە بەرنامەی كاری خەلیفەكان زۆر بە تامەزرۆیی برەویان پێداوە و بەشێوەیەكی بەرنامە بۆ داڕێژراوەی كاریان لەسەر كردووە، وە ئەم نەریتە بووە بە بەشێك لە بەرنامە و كاری زۆرێك لە دەسەڵاتدارانی دەوڵەت و میرنشینەكانی ئەو سەردەمەو دوای ئەو سەردەمەش، بۆیە كاتێك سەیری ژیاننامەی هەر دەسەڵاتدارێك بكەین دەبینین پەشێكی زۆری تەرخان كراوە بە رۆڵی ئەو كەسایەتیە لە بواری زانستی رۆڵی لەپێشخستنی لایەنی مەعریفی و پەرەپێدانی دامەزراوەی فێركاری، وەك نموونە هەر یەك لە خەلیفە هارون رەشید و مەئمون و وەزیرنظام‌الملكی سەلجوقی و سیف الدوله الحمدانی و نور الدین زەنگی و چەندانی تر لەم ناودارانە كە شوین دەستایان لەو بورەدا دیارە[xxx].

وەكو نموونە ئاماژەی پێبكەین یەكێك لە سیما دیارەكانی سەردەمی خەلیفە (مـەئمون) حەوتـەمین خەلیفـەی عبباسـی بـووە (١٩٨-٢١٨ك /٨١٣- ٨٣٣ز) دامەزراندی خانەی حیكمەت بـووە لـە سـاڵی (٢١٥ك/٨٣٠ز) كـە وەكـو پەیمانگایـەكی زانسـتی وابوو كە تیایدا كتێبخانەیەكی لە خوگرتبوو وە شوێنێكی تایبەت كرابوو بۆ چاپكردنی كتێـب، هـەروەها شـوێنی وەرگـێران و خوێندن و خوێندنەوەی پەرتووك بیانیەكانی تێدا بوو كە وەرگێڕەكـان پشـتیان لـە وەرگێڕانـی كتابـە گـەورە سـەرەكیەكانی زمانی سنسكریتی و پەهلەوی و یۆنانی و سریانی دەبەست كە چـەندین كـەس لـەبواری وەرگێـڕان دەسـت كـەوت[xxxi]. ئـەو خانەیەی كە مەئمون كردیەوە كاریگەری لەسەر شۆڕشی زانستی هەبوو لەسەرجەم هەرێمەكاندا تەنانەت هەندێ ڕێبازو فكری فەلسەفی دامەزراند كە كوششیان دەكرد لەوانە فكرەی (الاعتزالی)[xxxii]، كە مەئمون پشـتی بـە عـەقڵ و مـەنتیق دەبەسـت لەهـەموو شـتێكدا بـە لێكدانـەوەی بـیرو ڕاكـان، سـەرەڕای ئـەوەی كـە كۆمـەڵێك لـەزانایانی فوقـەهاو وتـار بێـژان و زانایـانی ڕەوانبێژان (المتكلمین) قسەزانەكان و زمان زانان، شاعیران خاوەن پایە زانسـتیەكان، لـەدەوری خـۆی كۆكردبـۆوە كـە ئـازاد بوون لە ڕادەربڕین[xxxiii]. هەر ئەمەش وای كرد كە بەرگری لە لێهاتویی و بەیەكگەیشتنی زانایان بكات كـە لەشـوێنێك كـۆ دەبنەوە وەك كۆڕی رووبەروبونەوەی زانستی[xxxiv]، ئەمە بووە هۆی ئەوەی كە لەو رێگەیەوە بتوانیت بیروڕای جیاواز لـەناو زانایان لابدات كە دەیانكردە بەڵگە بۆ خۆیـان ئەمـەش وای كـرد كۆمـەڵێك لـە زانایـان دەربكـەون كـە لێكۆڵینـەوەیان دەكـرد دەربـارەی دروسـت بـوونی قورئـان و گفتوگۆیـان دەكـرد دەربـارەی خەلافـەت لـەدوای پێغەمبـەر (د.خ) و جێگرتنـەوەی جێنشینەكانی[xxxv]. بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە كە لەسـەردەمی عەباسـیەكان زانسـت بـەرەو گەشەسـەندن و فـراوان بـوون چووە بەتایبەت كە ئەم سەردەمە بەسەردەمی نووسینی كتێب بەناوبانگە كە بووە هۆی دەركەوتنی كۆمەڵێك لـە زانایـان كـە لەم بوارەدا كاریان دەكـرد[xxxvi]، كـە گەڕانـەوە بـۆ كـتـێبی نووسـەر ابـن النـدیم (**٣٨٥ك/٩٩٧ز**) كـە بـە نـاوی (الفهرسـت)ە بەڵگەیەكی حاشە هەڵنەگرە لە سەر دەوڵەمەندی ئەم سەردەمە لە بوونی كتێب و زۆری چاپ كردنی كە زۆرێك لەو كتێبانە لـە نێوچوونە[xxxvii].

کاتێك کە باسی لایەنی رۆشنبیریدەکەین پێویستە ئاماژە بکەین بە پێکهاتە سەرەکێیەکانی ئەم لایەنە، کە خۆی دەبینێتەوە لە بوونی کەسانێکی کە هەمەلایەن بن لە مەعریفە و زانیاری کە حەزو خولیای زانست و خۆ رۆشنبیری بن، وە گرنگی بدەن بە زانایان و تەرخان کردنی سەروەت و سامانیان بو خزمەت کردنی ئەم لایەنە بەتایبەتی ئەم کەسانە لە پایەی دەسەلأت بن کارگێری وولأتیان بە دەستەوە بێت، وە پێکهاتەیەکی تر بوونی زانا لە زۆر بواری جیاواز دا کە رۆل ببینن لە بواری فێرکردن وە ئەمانە لە سایەی سیستەمێکی دەسەلأتی تەندروستە کار بکەن و خزمەتێکی زۆر بکرێن و پشت گوێ نەخرێن لە لایەن دەسەلأتدارەوە، پێك هاتەیەکی تر بوونی دامودەزگای زانستی یە لە وولأت کە بنیاد نرابێت لە لایەن دەسەلأت داران و یان هەر کەسێکی تر لە پێناو خزمەتکردنی ئەوانەی کە ئارەزووی فیربوون و فیرکردن دەکەن، بوونی بابەتی زانستی تا ئەم بابەتانە هەمە جوۆر بێت زیاتر کاریگەر و بەهێزتر دەبێت[xxxviii].

راستیەکی حاشە هەڵنەگرە کە لایەنی زانستی پێکهاتەیەکی سەرەکی لایەنی شارستانی هەر کۆمەڵگایەکە، گەر ئەم لایەنەی تێدا زیندوو بوو واتای ئەویە کە ئەو کۆمەڵگایە بەرەو هەڵکشانی شارستانی دەچێت، وە ئەگەر بێت و تەماشای شارستانی ئیسلامی بکەین بە درێژایی سەردەمی دەسەلأتی یان لەو کاتانەی کە خاوەن دەسەلأتێکی بەهێز بووە ئەوە گرنگیەکی زۆر دراوە بە لایەنی زانستی بە تایبەتی لە لایەن کەسانی یەکەمی وولأت[xxxix].

## باسی دووەم / رۆشنبیری تاکەکانی بنەماڵی ئەیوبی

سوڵتانەکانی بنەماڵەی ئەیوبی دابڕوا نەبوون لەو تەوژمە جۆراوجۆرە لە چالاکی هزری کە وولـاتی میسـرو شـام بەخۆیانـەوە بینیوبانە لە سەدەی شەشەم وحەتەمدا، هەرچـەندە ئـەم سـولتانانە زۆر جـار بـەکاری کـارگێری و بەرپرسـیارێتیەوە خـەریك دەبوون بەڵام ئـەم بوارەیـان پشـت گـوی نەخسـتبوو، لـە پێشـەکی کارەکانیـان هەوڵـدان بـووە بـۆ وەرگـرتنی رەزامەنـدی و پاڵپشتی ئەندامەنی تری بنەماڵەی ئەیوبی بۆ دەسەلأتەکانیان و دانان بە دەسـەلأتی بـوون بـە سـولتانیان، هەرچـەندە ئـەم هەوڵوکۆششەیان زۆر جار دووچاری ململانی ناوخۆی دەکردن و کێشەی توند دەکەوتە نێوان میرو پادشایانی ئەیوبی وە ئـەم دیاردەیە لە گرنگترین تایبەتمەندیەکانی بارودۆخی سیاسی دەوڵەتی ئەیوبی بوون. گرنگیدانی پادشـاو سـولتانەکانی ئـەیوبی بە لایەنی رۆشنبیری و چالاکی هزری لەو کۆرە زانستیانەی کە کۆشکەکانیان بە بەردەوامی لـە خـۆی دەگـرت دەردەکـەوێت، کەتێـدا گـەورە زانـا و فەقیهـەکان و سونە ئـاینزە لـە خـۆ دەگـرت بـۆ رووبەرووبونـەوە و گفتوگـۆکردن یـان گرێـدانی کـۆری ئامۆژگاری و بەئاگاهێنانەوە، یان گفتوگۆکردن لە سەر هەندێ بابەتی زانستی، لەم رێگایـەوە سـولتانەکان خۆیـان دەور دەدا بـە زانـا و شـارەزایان وە لێیانـەوە برێکـی زۆر زانیـاری و رۆشـنبیری ئـەو سـەردەمەیان پێدەگەیشـت، نـەك ئەوەنـدە بـەڵکو هەندێکیان وەك و خوێندکار لە کۆری زانستی دادەنیشتن کە لەلایەن گەورە زاناکان و فەرمووده ناسـەکانەوە بـەرێوەدەبران، هەروەها هەندێکیان بەکەسایەتی زۆر شارەزاو ناودار دەوری خۆیان دابوو بریتی بوون لـەو کەسـانەی کـە خـاوەنی ناوبـانگ و خاوەنی توانایەکی لەبن نەهاتووبوون لە بواری زانستی وئەدەب لە دادەوەر و نوسـەرو راوێـژکارەکان وە ئەمانـە زۆر پۆسـتی کارگێری هەستیاران لە دەوڵەتدا پێدرا بوو وەك وەزارەت و بەرپرسیارێتی دیوان، سەرەرای پۆستی ئایینی وەکـو وتـار دان و پێشنوێژی و سەرۆکایەتی مەزهەبەکان و چەندین پۆستی تر کە لەوکاتدا لە دەوڵەتدا بوونی هەبوو[xl].

ئەوەی جێگای باسە ئەوەیە کە سیمای رۆشنبیری زۆر بە رِوونی دەبینرێت لـە سـەردەمی دەوڵـەتی ئـەیوبی (٥٧٠ – ٦٥٨ك) وە سولتانەکان و پاشایان وە خاتونەکانی ئەم بنەماڵەیە زۆر باڵا دەست بـوون لـە بـواری زانسـتی ئاواکـاری نـەك هـەر ئـەوە بـەڵکو زۆریـان لـە ئاسـتێکی زۆر بـەرزی رۆشـنبیریدا بـوون بـەڵکو زۆر دەسـت کـراوە بـوون لەخزمـەت کردنـی زانایـان و کۆکردنەوەیان لەدەوری خۆیان[xli]، وە هەروەها تەرخان کردنی سامانێکی زۆر بۆ دروست کردنی دامودەزگای فێرکـاری کـە سیمایەکی زۆر پرشنگداری دەدا بە سەردەمی دەسەلأتی ئەم بنەماڵەیە، وە ئەم بنەماڵأیە تەنها لـە بـواری جـەنگ و ململانـێ

چـەکداری چـالاک نەبوونـە بـەڵکو لـە بـواری شارسـتانی رۆڵێکـی کاریگـەریان هـەبووە جـێ پـێ و دەسـتیان زۆر بـە ڕوونـی دیارە[xlii]، زۆرێك لە پادشایانی ئەیوبی دەستی شیعر نووسـین و بلاوکردنـەوەی کتـێبی زۆر نایابیـان هـەبووە چ لـە بـواری ئایینی یا ئەدەبی یا خود مێژوو یان لایەنەکانی تر[xliii].

ئەیوبیەکان ئەو بنەماڵە کوردە بوون کە توانییان لە سالی (٥٧٠ك/١١٧٤ز) دەوڵەتی ئەیوبی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروسـت بکەن، وە قەلەم ڕەوی ئەم دەوڵەتە لە ووڵاتی میسرەوە دەست پێ دەکات وە بەشێك لە سودان و ووڵاتی یەمـەن و حیجـازو هەموو وەڵاتی شام و موسل و جەزیرە[xliv]، وە سەڵاحەددینی ئەیوبی یەکەم سولتانی ئـەم دەوڵەتـە بـوو وە مـەلیك ناسـیر کۆتا پادشای ئەیوبی کە بە دەستی مەغۆلەکان لە ساڵی (٦٥٨ك/١٢٦٠ز) لەسێدارە درا بـە مردنـی ئـەم پادشـایە کۆتـایی بـە دەوڵەتی ئەیوبی دێت(xlv). لەو ماوەیـەدا کـە ئەیوبیـەکان دەسـەڵاتیان هـەبوو توانییـان سـەرکەوتنی زۆر مـەزن لـە بـواری سەربازی و ڕامیـاری بـە دەسـت بێـنن، وە سـەرکەوتن لـە شـەڕی(حطـین)ڕزگـار کردنـی قـودس بـە شـای سـەرکەوتنەکانیان دەژمێردرێت[xlvi]، وە هەروەها توانیان لە ڕووی کارگێڕییەوە دەسەڵاتێکی زۆر پتەو دابنێن هەرچـەند هەنـدێ جـار کێشـەی ناوخۆیی دەبووە مایەی لاوازی بۆ ئەم دەوڵەتە[xlvii].

ئەوەی شایەنی باس بێت ئەوەیە کە زۆرێك لە پاشایانی ئەم بنەماڵەیە لە ئاستێکی بەرزی رۆشنبیریدا بوون وە زۆر گرنگییان داوە بە ئاواکاری، هەرچەندە ئەم دەوڵەتە بەدرێژایی تەمەنی لە ململانیەکی سەختدا بوون دژی هێرشی یەك لە دوای یەکی خاچیەکان بۆ سەر دەوڵەتەکەیان، بەڵام بەهیچ شێوەیەك کەم تەرخەم نەبوون لە پەرەپێدانی لایەنی مەعریفی و بلاوکردنەوەی رۆشنبیری و بنیاد نانی دامودەزگای ئایینی و فێرکاری و خەزمەتگوزاری، وە ئەوانەی کە دامودەزگای زانستییان دروست کردووە زۆر هەوڵیان داوە کە سەرچاوەیەکی داهاتی جێگری بۆ دابین بکەن لە پێناو بەردەوام بوونی ئەم دامودەزگایانە لە خزمەت کردنی بێ وەستان، بۆ ئەو مەبەستە زۆر وەقفیان بۆ دائەنا بۆ ئەوەی ئەوانەی کە پەیوەندییان پێوە دەکرد لە فێرخوازان لە ئاستێکی بەرزی خوشگوزرانیدا بن لە پێناو بەردەوام بوونیان لە وەرگرتنی زانست بێ ئەوی توشی هیلاکەت بن. بۆ نموونە هەر یەك لە شارەکانی قاهیرە و دیمشق و حەلەب و بیت المقدس لە (سەدەی حەوتی کوچی /سیانزەی زایەنی) نموونەی ئاوەدانی وپەرەپێدانی تەوەژمی شارستانی بووە لە سەردەمی ئەیوبیەکان وە ئەم شارانە بەختەوەرترین شار بوونە لە سەردەمی ئەیوبی وە گەر سەردانی ئەم شارانە بکەی شوێنەواری ئاوەدانی لە قاهیرە و دیمەشقی کۆن وقەڵای حەلەب دەوربەری زۆر بەڕوونی دەبینرێ کە زۆرێك لە بیناکانی پاشماوەی ئەو سەردەمانەن[xlviii] وئیبن جوبیر شایەتحاڵی ئەم ووتانەیە کاتێك لە سەردانەکەی بۆ شاری دیمەشق ئاماژە بە زۆر لەو دامودەزگایاندا دەکات لە کتێبە بەناوبانگەکەی (رحله ابن جبیر)[xlix].

دروست کردنی دامەزراوەی فێرکاری یەکێك بووە لە کارە جوانەکانی پادشاو سوڵتانەکانی بنەماڵەی ئەیوبی بەتایبەتی لە درووستکردنی قوتابخانە و خزمەتکردنی بواری زانستی شتێکی دانەبڕاوبوو لەباسی مێژوویی بنەماڵەی ئەیوبی، گەر بێت و باسی مێژووی دەرکەوتنی خوێندنگا بکەین ئەوە دەبینین کە لەساڵی (٤٥٩ك/١٠٦٦ز) لە شاری بەغداد خوێندنگای نیزامیە لە لایەن وەزیری سەلجوقیەکان (نظام الملك)درووستکرا، بەم شێوەیە بواری درووستکردنی خوێندنگا گەشەی کرد، نور الدین زەنگی لە گرنگی دان بە خوێندن و فێربوون دروستکردنی دامەزراوەی فێرکاری رۆڵی بەر چاوی هەبوو[l]، وە ئەم ڕێچکەیە ئەیوبیەکانیش گرتیانە بەر لە سەر هەمان ڕێگای پێشینەکانی خۆیان دەرۆیشتن لە پێناو بلاوپێکردنی ئاینزەی سونەگەری بەر گرتن لە بلاو بوونەوەی شیعەگەری و دروست کردنی بەرەیەکی بەهێز بو وەستان بەرامبەر خاچیەکان و تەوژمی شیعەگەری کە لەو کاتەدا مەترسی بوو لە سر بوون و پێگەی دەوڵەتی عەبباسی ئەو هێزو دەسەڵاتانەی کە لە سەر سونەگەری هەژماردەکران[li]، گەر بێت بمانەوەی باسی ئەیوبیەکان بکەین لەم بوارەدا ئەوە دەبێت سەرەتا قسە لە سەر مامی سەڵاحەددینی ئەیوبی ئەسەددین شێرکۆ بکەین کە لەم بوارەدا سەربڵند و جێ دەستی دیاربوو لە خزمەتکردنی زانایان

و درووستکردنی قوتابخانە لە شارەکانی (حەلەب و دیمەشق)، کە شێرکۆ بەوە ناسرابوو، کە کەسانی زانا و زانستخوازی خۆش ویستووە، هەمیشە پشتگیری لێ کردوون و یارمەتی داون و بەردەوام هانی داون بۆئەوەی خزمەت بکەن لە بواری پەروەردەو فێرکردنی ڕۆڵەکانی موسوڵمان[lii].

سەلاحەددین ئەیوبی ڕۆڵێکی بەرچاوی لە بواری ڕۆشنبیری و زانستی بینیوە هەروەك مێژوونوسان باسیان کردووە کە گرنگی زۆری بە زانایانی سەردەمەکەی داوە، سەرەرای توانای لەبن نەهاتووی خودی خۆی لە بواری زانستیدا و لەگەڵ هەوڵەکانی بۆ پەرەپێدانی ڕەووتی مەعریفی لە دەوڵەتەکەیدا، هەروەها ئەو سیاسەتە ژیرانەی کە سەڵاحەددین هەیبوو لە پێشخستنی زانستدا، بۆیە دەستی کرد بە دروستکردنی خوێندنگا لە ناوچەکانی ژێردەسەڵاتیدا، کۆکردنەوەی گەورە بیرمەند و زاناکان لە دوڵەتەکەیدا سەرەرای دەسکراوەیی لە خەرج کردنی سەروەت و سامان لەو پێناوەدا [liii]. کە بەتایبەت لەشاری دیمەشق نزیکەی (٢٦) خوێندنگای درووستکردوە[liv]. کەئەمەش وایکرد کە دیمەشق لەسەردەمی ئەیوبیەکان زۆرترین گەشە بەخۆیەوە ببینێ لەبواری زانستی و ڕۆشنبیریدا، ئەمە جگە لەوەی کە ڕۆڵەکانی بنەماڵەی ئەیوبی بەشداریان لەم بزوتنەوە ڕۆشنبیریە کردو خوێندنگایان لە ناوچەکانی ژێر دەستەڵاتیان دروست دەکرد، سەرەڕای ئەوەی کە ژمارەیەکی زۆر لە خوێندنگاکان لەلایەن میرەکانەوە دروست دەکران کە گشت دەسەڵاتداران ڕۆڵیان هەبووە لە پێشخستنی زانست بەتایبەتی لە دروستکردنی خوێندنگا و دابینکردنی لە تەواوی لایەنەکانی خوێندنگاکە کە سامانێکی زۆر لەم بوارەدا خەرج دەکرا، ئەو خوێندنگایانە زیاتر بۆ ئەوە بوون بۆ بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری ئیسلامی بەشێوەیەکی بەرفراوان و بەرچاو بەتایبەت ئەوەی پەیوەندی هەبووە بە زانستی ئیسلامیەوە[lv]، پاشان بڵاوکردەنەوەی ئاینزەی شافیعی بەسەرنج و وریایەوە تاوەکو ئامانجەکەیان بەدیهێنا[lvi].

لەو کەسایەتیانەی تری بنەماڵەی ئەیوبی کە ڕۆڵی بەرچاویان گێڕاوە لە دروستکردنی خوێندنگا بە تایبەت (مظفر تقي الدين عمرى ابن شاهنشاي أيوبي)(٥٨٧ك/١١٩١ز) کوڕی برای سەڵاحەددین بوو، کە لەشاری دیمەشق خوێندنگایەکی درووستکرد بەناوی (التقويه) کە دەکەوێتە باکووری مزگەوتی ئەمەویە ئەم خوێندنگایە بە خوێندنگایەکی گەورە هەژمار دەکرێت کە لەساڵی (٥٧٤ك/١١٧٦ز) دروستکراوە[lvii]. وەهەروەها لە چالاکیەکانی پاشاکانی ئەیوبیەکان نوسین ودانانی پەرتوك و پیاچونەوە بووە و ئەمە بەشێکی دانەبڕاو بووە لە تاکەکانی ئەم بنەماڵەیە لە وانە مەلیك ناسر داود کتابێك دادەنێ بە ناوی" الفوائد الجلية في الفرائد الناصرية "و بەشێکی لە کتابەی تەرخان کرد بە باس کردنی ڕەچەڵەکی بنەماڵەی ئەیوبی و بەشێکی تری تەرخان کرد بۆ شیعرە[lviii]، وە مەلیك مەنسوور محەمەد (٦١٧ ك /١١٢٠ز) دەسەڵاتداری حەماە پەرتووکێکی نووسی بەناوی (مێژووی حەماە) وە ناوی ئەو کەسانەی تێدا نووسی کە سەردانی حەمایان کرد بوو لەوەی ماونەتەوە ناوی نا "المضمار في التواريخ"[lix]،وەهەروەها ئەستەمە بتوانرێ ڕۆڵی(ابو الفداء)(٧٣٢ك/١٣٣١ز) فەرامۆش کەین کە بە یەکێك لە مێژوونووسە بەناوبانگەکانی مێژووی ئیسلامی دادەنرێت و هەردوو کتابەکەی (تقويم البلدان) کە سەرچاوەیەکی گرنگی جوگرافیای مێژوویە و (المختصر فى اخبار البشر) کە لە چوار بەش پێك هاتووە، دەربارەی مێژووی گشتیە، بە یەکێك لە سەرچاوە گرنگەکان دادەنرێت کە ناکرێ توێژینەوە لە سەر ڕووداوەکانی سەدەی شەش و حەوت و چارەگی یەکەمی سەدەی هەشتی کۆچی بکرێ ئەم سەرچاوەیە پشتگوێ بخرێ، وە ئەم نووسەر نموونەی زیندووی و بەرزی ئاستی ڕۆشنبیری بنەماڵەی ئەیوبیە[lx].

توێژەر وای دەبینێ کە چەند کەسایەتیەکی ئەیوبی دەسنیشان بکرێت وە ئاماژە بکرێت بە ئاستی ڕۆشنبیریان و ڕۆڵیان لە بنیادنانی دامودەزگای زانستی، وەپێویستە ئەوەش بووترێت کە خاتونەکانی ئەیوبی ڕۆڵی باڵایان بینیوە لەم بوارەدا، وە پێویستە و دەبێت نموونەی ئەم ڕۆڵەیان دیاری کەین بۆ ئەوەی بزانرێت کە ئافرەت لە سەردەمی ئەیوبی خاوەنی چالاکێیەکی گەورە بووە لە بواری شارستانی و ئاواکاری، لەو کەسایەتییانە کە دیاریمان کردوون کە باسی ئاستی

ڕۆشنبیریان بکەین بریتین لە (سوڵتان سەلاحەددینی ئەیوبی، کورەکانی سەلاحەددین، مەلیك عادیل، مەلیك موعەزەم، مەلیك کامیل، ساڵح نەجمەدین ئەیوب، ست شام، صەفیە خاتوون...، و کتیبخانە لە سەردەمی ئەیوبیدا).

## باسی سێیەم: ڕۆشنبیری سوڵتان سەلاحەددینی ئەیوبی( ٥٨٩ك/١١٩٣ز)

سەلاحەددین لەو رۆژە لە دایك بوو کە بنەماڵەکەی کۆچیان کرد بەرەو موسڵ لـە سـاڵی (٥٣٥ك/١١٤٠ز)، وە ئـەو بارودۆخـەی کە خێزانەکەی پیدا تێدەپەڕی وای کرد زۆر بگوازنەوە لەم شار بۆ ئەو شار، منداڵی لە موسڵ بەسەر بردووە وە کاتێك بـاوکی بو بە کاربەدەستی بەعلەبەگ لەگەڵی کۆچی کرد بۆ ئەو شارە، لـە بـەر ئـەوی کـوری کاربەدەسـتی شـارەکە بـوو گرنگیـەکی تایبەتی پیَ دەدرا، بۆیە زۆر زوو دەستی بە پرۆسەی خوێندن و فێربوون کرد وە بەتایبەتی لە سەرەتاوە دەستی بە فیربوون کرد لە زانستە شەرعییەکان (قورئانی پیرۆز و فەرمودە) [lxi] زانستەکانی تر وەکو زمانی عەرەبی و مێژوو و ڕەچەڵەك[lxii].

بەڵام کاتێك کە بنەماڵەکیان کۆچیان کرد بەرەو دیمەشق سەلاحەددین زۆر سـوود مەنـد بـوو چـونکە تـوانی تێکـەل بێـت بـە گەورە زاناکانی ئەم شارە وە توانی زانستیان لی وەرگرێ، زانستی فەرمودەی لە ژێر دەستی زانای گەورە(الحافظ ابـي طـاهر السلفي(٥٧٦ك/١١٧١ز)، ابي الحسن علي بن ابراهيم بن المسلم، ابن بري النحوي(٥٨٢ك/١١٨٦ز)، ابي الفتح محمود بـن احمـد الصابوني، أبو الطاهـر بـــن عوف (٥٨١ك/١١٨٥ز)وەهەروەهاسودی لە وانەکانی زانای گەورەعبد الله بن ابي عصرون وەرگرت کە لە مزگەوتی ئەمەوی دەیوتەوە وەهەروەها ئەو زانایە لە لایەن سەلاحەددینەوە ڕێزی لێنرا وە کردیە کەسێکی زۆر نزیك لە خۆی، سەلاحەددین فێری زۆر لە زانستەکانی سەردەمی خۆی بوو، وەبە ڕۆشنبیری خەڵکی ئەوسەردەمە خۆی ڕۆشنبیر کرد، توانی لە تەمنی منداڵیەوە شارەزایی لە زانستی قورئان پەیدا بکات و هەندیکی لی لە بەر بکات وە گەنجێکی قورئانی بـوو لـە تەمەنی منداڵیەوە، وە وانەی فیقهی خوێندوە وەهەروەها زانستی فـەرمودەی خوێنـدوە. لـە کـاتی بـوونی بـە سـوڵتان زیـاتر گرنگـی دا بـە لایـەنی زانسـتی وە زۆر ئامـادەی کـۆڕی زانایـان دەبـوو وە گـوێ لـی دەگـرتن بەشـداری دەکـرد لـە بابـەت و توێژینەوەو لێکولینەوەکانییان، زۆر حەزی لە گوێ گرتن بوو لـە فـەرموده بـە ئیسـناد (گێرانـەوە) وە وتووێـژی لـە گەڵیانـدا دەکرد لە سەر زانستی شەرعی وە لە بەر زۆر لەم بوارەندا تێکەل دەبوو لە (أحكام الشرعيه) زۆر شـارەزا بـوو بۆیـە زۆر جـار گفتوگۆی لە گەڵ دادوەرو شارەزایان دەکرد[lxiii]. وەهەر کەسێك لە گەڵیدا دادەنیشت وای دەزانی لەگەڵ برایەك لە برایـان دانیشتوە نەك سوڵتان، وە شارەزایەکی زۆری لە ئاینزەی شافیعی هەبوو وە کتابی زانا (نجم الدين بن الموفـق الشـافعي) کـە ناسرابوو بە الخبوشاني (تحقيق المحيط) کە لە شانزە مجلەد پێك هاتبوو لە بەر بوو[lxiv].

لەم باریەوە مێژوونوس ابن شداد (٦٣٢ك/١٢٣٤ز)ئاماژەیەکی ڕوونی بۆ ڕۆشنبیری و توانای زانستی سوڵتان سەلاحەددین کردوەو دەڵێ:((وتفهم من ذلك ما يحتاج الى تفهمه،بحيث كان اذا جرى الكلام بين يديه يقول فيه قولاً حسناً وان لم يكن بعبارة الفقهاء)) [lxv].

ئەوەی زانراوە کە سوڵتان سەلاحەددین لە ڕێگای ئەم کۆرە زانستیانەوە توانایەکی ڕۆشنبیری زۆری لە بواری شەرعی و زانستی وەرگرت ئەم کۆرانە بە ئامادەبوونی خۆی گرێدەدرا و بە بەشداری خودی خۆی بەرێوە دەچوو، هەروەها بەناوبانگترین زانای سەردەمی لە خۆی نزیك کردبووە لە وانە(القاضي الفاضل (٥٩٦ك/١٢٠٠ز) والعماد الكاتب الاصفهاني (٥٩٧ك/١٢٠١ز) والقاضي بهاء الدين کوری شداد (ت٦٣٢ك/١٢٣٤ز). ئەوەی وەك شاهیدیەك وا بوو بۆ ڕۆشنبیری ئاینی سوڵتان ئەو زانیاریە بوو کە لە سەر زانستی خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز و لە بەرکردنی قورئانی پیرۆز و بەردەوام بوونی لە خوێندنەوەی هەی بوو لە گەڵ دانانی دیاری گرانبەها بۆ هەرکەسێ کە فێری خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز یان بتوانێت هەموو قورئان لەبەر بکات. سەرەرای بوونی ئارەزوویەکی زۆر بۆ گوێ گرتن لە فەرمووده و پیاچوونەوەی لە لایەن گەورە زانایانەوە

و بۆ ئەو مەبەستە دوو جار گەشتی بۆ شاری ئەسکەندەریە کردووە، یەکەمسەردانی لە ساڵی ٥٧٢ك/١١٧٦م لە گەڵ هەردوو کورەکەی (الافضل علي والعزيز عثمان)لەوەی گویّ گرت لە فەرموودە لە ژێر دەستی(الحافظ أبي طاهر السلفي) (٥٧٦ك/١١٨٠ز)[lxvi]، سەردانی دوومی لە ساڵی (٥٧٧ك/١١٨١ز) لەوەی گویّ گرت لە (الموطأ)لە ژێر دەستی فەقیە(أبي الطاهر بن عوف)(٥٨١ك/١١٨٥ز)[lxvii].بەدرێژایی مانەوەی لە قاهیرە بەم شێوەیە ژیانی دەگوزەراند، زۆر هەوڵی دەدا کاتێك دیاری بکات بۆ گوێگرتن لە فەرموودەی پیروز لە کوری زانا (زين الدين بن نجيه) (٥٩٩ك/١٢٠٢ز)، ئەم زانایە سەرۆکی ئاینزەی حەنابلیەکانی میسر بوو لەوکاتەدا لە گەڵ منداڵەکانی، هەروەها گویّ لە فەرموودە دەگرت لە ژێر دەستی زانا(ابراهيم بن مسلم و ابي الفتح الصابوني) [lxviii].

هەروەها گرنگی دان بە ڕووداوەکانی مێژوو و ژياننامەی پادشایان و گەورە پیاوان لەنێو حەزوخولیاکانی سەڵاحەددین بووە زۆر گرنگی پێداوون، گوێگرتنی لە مێژووی رۆژانی عەرەب و عەجەمەکان لە ژێر دەستی زانای ناودار ئەبو سەعیدی البنديهی (٥٨٤ك/١١٨٨ز) بووە، ئەم زانایە لە زۆربەی زانایان زیاتر نزیك بووە لە سەڵاحەددین بەردەوام لە گەڵی بووە بەهۆی لێهاتووی لە ڕووی ڕەوان بێژی و بەرزی ئاکاری[lxix]، وە لە کاتی بوونی لە وڵاتی شام وسەرکردایەتی کردنی لەشکرکێشیە سەربازیەکان لە دژی خاچیەکان، سەڵاحەددین هەوڵی داوە بە هیچ شێوەیە دانەبرێ لەو کۆرە زانستیانەی کە بە بەردەوامی دابەسترا، لەم بارەیەوە (اليونيني)(٧٢٦ك/١٣٢٦ز)دەڵێ: " کە سوڵتان سەڵاحەددین لە پێشەوەی ئەو کەسانە بوون کە ئامادەی وانەکانی زانا(نجم الدين البادرائي)(٦٥٥ك/١٢٥٧ز) بوو لە زاناکان و فەقیهەکان و دادوەرەکان و گەورە پیاوانی وڵات، کاتێك بۆ یەکەم جار خوێندنگەیەی(البادرائية)کردووە کە لە دیمەشق دروستی کرد"[lxx]. وەهەروەها گرنگی زۆری بە زمانی عەرەبی و ئەدەبەکەی داوە و زانایانی ئەو بوارەی لە خۆی نزیك کردوّتەوە و رێزی لێگرتوون، گویّ گرتنی لە وانەی نەحو لە سایەی زانای ناوداری نەحوی عبدالله کوری بڕی (ت٥٨٢ك/١١٨٦ز) بووە، وەهەروەها لەو بارەیەوە وتراوە کە دیوانی (الحماسە)ی ئەبی تمامی لە گەڵ قورئانی پیرۆزی و کتێبی (التنبيه) فقهی شافعی لەبەر بووە[lxxi]. سەڵاحەددین خاوەن هەستێکی جوان بوو لە گێرانەوەی شیعرو هەڵسەنگاندن و لە بەر کردنی،لەو بارەیەوە ابنكثير(٧٧٤ك/١٣٧٢ز) دەڵێ کە سەڵاحەددین دیوانە شیعرەکەی میر اسامە بن مونقیز لە هەموو دیوانە شیعریکان پیّ باشتر بوو: " له ديوان شعر كبير، وكان‌صلاح الدين يفضله على سائر الدواوين"[lxxii]. وەهەروەها دەوری خۆی دابوو بە کۆمەڵێك زانا و نووسەری بەناوبانگی ئەو سەردەمە وە لە کۆشکەکەی کۆیانی کردبووە وەك وقاضي الفاضل و ابن شداد و عماد الدين الكاتبوە زۆریکی تر لە زانایان، وە سەڵاحەددین لە ستایشی (قاضي الفاضل) دوای مردنی دەلێت " وامەزانن من ئەم وڵاتەم بە شەمشێرەکانی ئێوە بەدەسهێناوە بەڵکو بە پێنووسەکەی فازیل"[lxxiii]،وە هەروەها زۆر ڕاوێژی لە گەڵ ئەم زانایانە دەکرد و مێژوونوس ئەبو شامە (٦٦٥ك/١٢٦٦ز) لەو بارەیەوە دەلێت " هیچ فەرمان و بریارێکی نەدەدا تا وەکو پرس و راوێژی بەو نەکردایە " واتا العماد الكاتب[lxxiv]،وەهەروەها زۆرێك لە نووسەرەکانی ئەو سەردەمە ستایشی سەڵاحەددینییان کردووە وەك ئوسامەی کوری مونقیز کە خاوەنی کتابی (الاعتبار)ە، وە هەروەها زانای گەورە عبد اللگيف بغدادی (ك٦٣٤ك/١٠٧٠ز) لە کتابەکەی (الافادە والاعتبار) دەلێت:" سەردانی سەڵاحەددینم کرد لە دیمەشق... بینم لیێ کە پادشایەکی مەزنە و چاوەکان پڕ دەکات لە جوانی و دڵ پڕ دەکات لە خوشەویستی، نزیکەو ئاسانە، کۆرەکەی پڕ بوو لە خەڵکی زانست خواز و گفتوگۆ و باسی چەندها زانست تێدا دەکرا، خۆی زۆر بە چاکی بەشداری دەکرد و گویّ دەگرد، هاورێکانی شوێن پیّ دەگرن و چاوی لێدەکەن و پێشپرکێی لە گەڵ دەکەن بۆ چاکەکاری"[lxxv].

ئەم ئاستە بەرزی سەڵاحەددین لە بواری ڕوشنبیری و زانستی و حەز کردن لە زانایان و هاوڕییکردنیان وای کرد دەس کراوە بێت لە پاداشت کردنیان وە جگە لەمە دەستی کرد بە دامەزراندنی چەندین دامەزراوەی فێرکاری و خزمەتگوزاری[lxxvi] کە

ئەم دامەزراوانە سیمایەکی شارستانی زۆر مەزنی بەخشی بوو بە دەوڵەتی ئەیوبی، ئەوەی شایەنی باس بێت تەنها ئاماژە بە گرنگترین ئەو دامەزراوانە دەکەین کە سەڵاحەددین دروستی کردووە لە وڵاتانی میسر و شام و بیت المقدس.

سەرەتای چالاکییەکانی سەڵاحەددین لە دامەزراندنی فێرگە لە وڵاتی میسر دەستی پـێ کـرد وە ئـەو یەکـەم کـەس بـوو کـە خوێندنگای نموونەیی لە میسر دروست کرد، لە قرافەی بچوك لە تەنیشت قەبری ئیمام شافعی خوێندنگایەکی دروست کرد لە ساڵی (٥٧٢ك/١١٧٦ز) ناسرابوو بـە (تـاج المـدارس) وە (نجـم الـدين الخبوشـاني)(٥٨٧ك/١١٩١ز) مامۆسـتای بـوو، وە دوو خوێندنگای تری دروست کرد بە ناوی ناسریە لـە تەنیشـت مزگـەوتی عـەتیق (٥٦٦ ك/١١٧٠ز) لـە مامۆسـتاکانی (عیسـی بـن الصاحب برهان الدين السنجاري) بووە و خوێنـدنگای (القمحيـه) جگـە لـە دروسـت کردنـی مزگـەوت و بیمارسـتانی ناسـریە و ئسکەندەریە[lxxvii]. هەروەها لە وڵاتی شام چـەندین خوێنـدنگای دروسـتکردووە لـە وانـە خوێنـدنگای ئەلسـەلاحیەیە ئـەم خوێندنگایە لە نزیك گۆڕستانی نورییە کە دروستکەرەکەی دەگەڕێتەوە بۆ (نور الدين محمـود زنگـی) وە تـەواو کـردن نـۆژەن کردنەوەی دەدرێتە پاڵ سولتان سەلاحەدین رزگار کەری (بيت المقدس)[lxxviii]. ئـەم خوێندنگایـە کراوەتـە وەقـف لەسـەر پەیڕەوکەرانی ئاینزەی مالیکی کە یەکێکە لە گرنگترین خوێندنگاکانی مالیکی هۆکاری ئەوەی کە ناو دەبرێت بە (الصـلاحيه) ئەوەیە کە سەڵاحەددین خۆی دروستی کردووە، یاخود تەواوی کردووە لە دوای (نور الدين محمود زنگی)، کە وانە بێـژان لـەم قوتابخانەیە بریتی بوون لە هەر یەکە لە (جمال الدين عيمان بن الحاجي) لە دوای ئەویش (شێخ زين الدين عبدالسلام الزواوي) پاشـان ئـەویش بەخشـییە زاواکـەی بـەناوی (جمـال الـدين يوسـف الـزواوي) ئـەویش بـەردەوام بـوو تـاکو سـاڵی (٦٤٧ك/١٢٤٩ز)[lxxix].

هەروەها لە وەڵاتی شام سەڵاحەددین چەندین دامەزراوەی ئاینی و فێرکاری تری دامەزراندوە، لـە وانـە خوێنـدنگای (کلاّسـە) کە لە سەردەمی نور الدين محمود زنکی دروستکراوە، وە سەلاحەددین ئاوەدانی کردوە لـە سـاڵی (٥٧٥ك/١١٧٩ز). هـەروەها خوێندنگای غزالییە کـە لـە سـەردەمی نـور الـدين محمـود زنکـی دروسـتکراوە، وە سـەڵاحەددین ئـاوەدانی کـردوە لـە سـاڵی (٥٧٥ك/١١٧٩ز). هەروەها خوێندنگای صلاحیە لە شاری قـودس سـاڵی (٥٨٨ك/١١٩٢ز) دروسـت کـرد. وە خوێنـدنگای (دار الغزل) سەڵاحەددین دروستی کردوە بۆ ئاینزەی مالکی، وە ئەوقاف زۆر بۆ دانا. وە لـە پـاڵ خوێنـدنگا سـەڵاحەددین چـەندین مزگەوت و خانەقای سۆفیگەری دامەزراندوە. لە گەڵ دروست کردنـی بیمارسـتان لـە وانـە بیمارسـتانی قـودس بـۆ چارەسـەر کردنـی نـەخوش[lxxx]، هـەروەها بیمارسـتانی سـەڵاحیە یـەکیکی تـرە لـەو دامەزراوانـەی کـە سـەڵاحەددین لـە سـاڵی (٥٨٣ك/١١٨٧ز) دوای ڕزگار کردنی قودس دایمەزراندوە و خوێندنگایەکی پزیشکی لە تەنیشتی کردەوە، وە ئەم بیمارسـتانە پێك هاتبوو لە چەند بەش یان هوڵ هەر یەکی لەوانە تەرخان کرا بوو بۆ جۆرێکی تایبەتی نەخوشی[lxxxi].

یەکیکی تر لە چالاکیە ئاواکاریەکانی سـەڵاحەددین لـە بـواری فێرکاریـدا دروسـت کردنـی خانـەقا بـوو، کـە ئـەویش خانـەقای (سەڵاحیە) بووە، لە لایەن سولتانەوە دروست کراوە لە ساڵی (٥٨٣ك/١١٨٧ز) لە بارەگـای پێشـتری (لبطريـرك القـدس: ئـەو نازناوە و پێگەیە بوو کە سەرۆکی ئەسـقوفیەکانی قـودس هـەیبوو)[lxxxii] لـە تەنیشـت کەنیسـەی (القبر المقـدس) لـە لای بەشی سەرەوەی، وە سولتان وەقفی کرد لە سەر هەژارەکان و سوفیەکان لە عەرەب وعەجەم[lxxxiii].

## بەشی سێیەم /ڕۆشنبیری جێگرەوەکانی سەڵاحەددینی ئەیوبی

### باسی یەکەم: کوڕەکانی سەڵاحەددین

لە جێگرەوەکانی سەڵاحەددین زانراوە کە خاوەنی ڕۆشـنبیریەکی ئـایینی و زانسـتی بـەرز بونـە و خۆشەیسـتی و پـەیوەسـت بونیان بە کۆڕە زانستیەکان و ئەو گفتوگۆ و ڕووبەڕووبونەوانەی کەتێدا سەری هەڵدەدا، سـەرەرای هێنـانی گـەورە زاناکـانی سەردەم بۆ ناو دامودەزگاکانی دەوڵەت و دامەزراوە فێرکاریەکان، لـە کوڕەکـانی سـەڵاحەددینەوە دەسـپێدەکەین بـۆ نمونـە

مەلیك العزیز عوسمان (٥٩٥ك/١١٩٨ز) گوێ لە فەرموودە گرتووە لـە ژێـر دەسـتی گـەورە زاناکـانی فـەرموودەی سـەردەمی خۆی وەك (الحافظ السلفي والحافظ أبن عوف والعلامة بن بري). هەندێك مێژوو نوسـان پێیـان وایـە کـە مـەلیك العزیـز هـەولی فێربوونی زانستی فەرموودەناسی داوە لە شاری ئەسکەندەریە یە[lxxxiv].

وەهەروەها دەربارەی ئەم مەلیکە زانراوە کە زۆر حەزی بە دانیشتن و بەشداری کۆڕ و کۆبونەوەی زاناکان بێت و نزیکردنەوەیان لە خۆی بۆ نموونە پزیشك و فەقێ و نەحوی بەناوبانگ موفق الدین البغدادی (ت٦٢٩ك/١٢٣١ز) جێگایەکی بەرز و تایبەتی لە لای هەبوو. ڕێزی لێگرتووە و پاداشتی دارایی کردووە لە (بیت المال) لە پێویستی خۆی زیاتر[lxxxv]، وە بەهەمان شێوە ڕێزی لە فەقێ و نەحوی بەناوبانگ الحسن کوری الخگیر النعمانی کە ناسرابوو بە الظهیر (٥٩٨ك/١٢٠١ز) گرتووە و موچەیەکی مانگانەی بۆ بڕیوەتەوە کە بە بەرزترین موچە دادەنرێ بە درێژایی سەردەمی ئەیوبی بۆ زانایەك یاخوت فەقیهێك برا بێتەوە[lxxxvi].

ڕادەی ڕێزو خۆشەویستی مەلیك العزیز خزمەت و سەرپەرشتی کردنی بۆ زاناکان، بە تایبەتی شافیعیەکان، گەیشتە ئەو ئاستەی کە چەندین دامەزراوەی فێرکاری جۆراوجۆریان بۆ بنیاد بنێت، بۆ نموونە زاویەکانی هەشت فقهەکە لە مزگەوتی عمرو کوریعاص(٦٣ك/٦٨٢ز)، ڕاستەوخۆ لە ژێر چاودێری خۆیدا بنیاد نراون و وەقفی بۆ داناوە[lxxxvii]. هەروەها ئەم مەلیکە لە شاری دیمەشق خوێندنگەیەکی دروست کرد ناوی لێنا (المدرسة العزیزیة)بڕیاری دا وقف بکرێ لە سەر خوێندکارانی فقهی شافعی وە چەند مامۆستایەکی بەناوبانگی بۆ تەرخان کرد، سەرەرای دابین کردنی وەقفێکی زۆر لە پێناو بەردەوام بوون لە چالاکیەکانی و پێشکەش کردنی خزمەت[lxxxviii]. هەروەها کۆشکەکەی زۆرێك لە گەورە زاناو ئەدیبەکانی لە خۆ گرتبوو وە زۆر جار بەئامادە بوون و بەشداری خودی خۆی ڕووبەڕووبونەوە و گفتوگۆی زانستی وکۆڕی شیعری لە نێوان ئەو زانایانە ڕێك دەخرا[lxxxix].

وەهەروەها لەسەر کوڕە گەورەکەی سەلاحەددین مەلیك الافضل علی زانراوە کـە شـاعیر و ئـەدیبێکی چـاك بـووە تارادەیـەك شارەزای لە شیعر نووسین و ئەدەبی عەرەبیدا هەبووە، لە ژێر دەستی زانا (ئـەبی الطـاهرکوری عـەوف) (٥٨١ك/١١٨٥ز) لـە ئەسکەندەریە وانەی فەرموودەی خوێندوە، وە لە قاهیرە لە ژێـر دەسـتی نـەحوی و زمانـەوانی نـاودار (عبـدالله کـوری بـڕی) وانەی خوێندوە، هەروەها چەند ئیجازەیەکی زانستی لە لایەن گەورە زاناکانی میسر و وولاتی شام وەرگرتووە[xc].

مەلیکالظاهرغازی ناوی تەواوی (ابو منصور غازی کوری سولتان سەلاحەددین یوسف کوری ئەیوب)، نازناوی مـەلیك (الظـاهر غیاث الدین) بوو خاوەنی حەلەب بوو، لە قاهیرە ساڵی (٥٦٨ك/١١٧٣ز) لە دایك بووە، بە ئازایـەتی و زیرەکـی و چاونەترسـی پەروەردە و گەورە کراوە، لە پێناو پاراستن و جێگیرکردنی دەسەلاتەکەی کچی مەلیك عادیلی مـامی هێنـاوە، بـەوە سـتایش کراوە کە جوان و دەسکراوە و نزیکـی زاناکـان بـووە، گـوێ لـە فـەرموودە گرتـووە لـە ئەسـکەندەریە، هـەروەها لـە حەلـەب فەرموودە گێراوەتەوە، بەوە ناسرابوو کە مەلیکێکی بە هێبەت و چاوکراوەو و یەکلاکەرەوە بـووە لـە بڕیاردانـدا، زۆر ئاگـادار بووە لە کاروباری خەڵکی ژێر دەستی هەواڵپرسیکردوون و ئاگای لە هەواڵی پاشایان بووە، بەوە ناسرابوو کە سـەربەرز بـووە و بە جوانی کارەکانی ڕاپەراندوە و پیاوێکی سیاسی بووە و یەکسـانی ودادپـەروەری بڵاوکردۆتـەوە، زانایـانی خۆشویسـتوەو دۆست ونزیکی شاعیران بووەو، باوکی کردیە کاربەدەستی مەملەکـەتی حەلـەب لـە سـاڵی (٥٨٢ك/١١٨٦ز)، لـە کاتێکـدا ئـەم شارە لە موڵکەکانی مەلیك عادیلی مامی بوو بەڵام دەستی لێبردە بە فەرمانی سەلاحەددین برای شوێنی تری پێ درا[xci].

ئەم مەلیکە زۆر ڕێزی لە زانایان و شاعیران و هەژارەکان دەناو پاداشتی دەکردن، ڕەزامەنـدی شـاعیرەکانی بەدەسـهێنابوو، زۆر جار لە کـۆڕی شـاعیراندا ئامـادە دەبـوو[xcii]، دەوری خـۆی دابـوو بـە کۆمـەڵێك زانـا و تـوانی زۆرێـك لـە گـەورە زانـا و مامۆسـتان بەناوبانگـەکان ڕازیبکـات کـە ڕووبکەنـە شـاری حەلـەب و شـیعر و شـاعیرانی خۆشدەویسـت[xciii]،هـەروەها

پەیوەندیەکی باشی لە گەڵ دادوەرەکان و فەقێکان هەبووەو لە سەردەمی ئەم سوڵتانەدا خاوەنی حورمـەتێکی بـەرز بوونـەو گرنگی پێداون و چاوی لێیان بووە، سەرەرای ئەوەی توانی دادوەر (بهاو الدین أبی المحاسن یوسف ابن شداد) رازیبکـات کـە بێتە حەلەب لە نزیکەوە خزمەتی سوڵتان بکات ئەم کەسایەتیە بووە هۆکاری پێشکەوتن و گەشەسندنی لایـەنی زانسـتی لـەم شارەدا، زۆربوونی دروستبوونی دامەزراوەی فێرکاری تێدا ڕەنگی دایەوە و حەلەب بووە مەڵبەندی کۆبونەوەی فەقی و زانـا و گەورە مامۆستاکان[xci v].

ڕێزگرتنی لە زانایان گەیشتە ئەو ئاستەی کە خوێندنگای تایبەت لە پێناو گەورە زاناکان دروست بکات لە شـاری حەلـەب، بـۆ ئەو مەبەستە و لە خوشەویسـتی مامۆسـتا و شـێخی نـاودار (أبـی الحسـن علـی بـن ابـی بکـر الهـروی السـائح)(٦١١ك/١٢١٥ز) خوێندنگەی (الهرویه)ی بنیاد نا بڕیاری دا کە بۆ خوێندنی فقهی شافعی تەرخان بکرێ، ئەوەی شایەنی باسە ئەوەیە کـە ئـەم زانایە خاوەن پێگەیەکی بەرز بوو لای ئەم سوڵتانە، ئەم قوتابخانەیە بۆ ماوەیەکی زۆر خزمەتی پێشکەش کردووە[xcv].

## باسی دووەم: مەلیك عادیل

لە ساڵی (٥٣٩ك/١١٤٤ز) لە بەعلەبگ لە دایك بووە، مەلیك عادیل ناسرا بوو بە خاوەن ڕەوشتێکی زۆر بەرز و پیاوماقوڵ، وە لە بڕیاردا یەکلاکەرەوە بووە وە لە ڕایەکانیدا دەیپێکا، زیرەك و لیهاتوبووە وە کاربەدەستێکی چالاك بووە لێبوردەو حەزی لە ئاشتی بووە[xcvi]، خاون زانست بووە وە دوربین بووە وە مێژوونووسان وا ستایشیان کردووە کە لەناو براکانیدا لە هەموویان بچووك تر بووە[xcvi i]، بەڵام تەمنی لە هەموییان درێژتر بووە، وەبیری لە هەموویان قوڵتر بووە، وەسەیری داهاتووی ڕووداوی دەکرد وە حسابی بۆ دەکرد. دەستی بە بیروباوەری ئیسلامیەوە گرتبوو وە پیاو چاك بووە یارمەتی هەژارانی دەدا بەتایبەتی لە کاتی لیقەوماندا[xcvi i i].

وە دەربارەی لایەنی رۆشنبیری مەلیك عادیل زانراوە کە گرنگی بە لایەنی رۆشنبیری داوە، سەرەرای ئەوەی کە ئەم سوڵتانە زیاتر مەیلی بە لای ڕاپەڕاندنی کاروباری سیاسیەوە هەبووە و بەردەوام خەریکی داکوتانەی پێگەکانی دەسەڵاتی بووە، بەڵام ئەمە نەبۆتە ڕێگر لە گرنگی دانی بە لایەنی زانستی و زاناکان، بۆ ئەو مەبەستە ئیبن تغری بردی (٨٧٤ك/١٤٦٩ز) ستایشی کردوە دەڵێت: " خاوەن هزرێکی فراوان بووەو، بە دوای ڕێچکەی سونەگری هەواداریانەوە بووە و مەیلی بە لای زاناکانەوە بووە "[xci x].

لە سەرەتای دەرکەوتنی سەردەمی ئەیوبیدا، مەلیك عادیل ئامادەی هەندێك لە وانەکانی زانا (الحافظ ابو الطاهر السلفي) دەبووە کە دەیوتەوە بە خوێندکارەکانی فقە و فەرمودە لە خوێندنگای (الحافظیة) لە شاری ئەسکەندەریە، هەروەها ئیجازەی گێرانەوەی فەرموودەی پێ بەخشیوە[c]. جگە لەوەی کە بنیادنانی دامەزراوەی فێرکاری لە کارە سەرەکیەکانی بووە، بە تایبەتی دوای ئەوەی پایەی سەڵتەنەتی وەرگرت، فەرمانی کرد بە بنیادنانی خوێندنگەیەك لە شاری قاهیرە، ئەم خوێندنگایە ناوی لێنرا (خوێندنگەی العادلیه) و بڕیاری دا ئەم خوێندنگەیە وقف بێت لە سەر خوێندکارانی فقهی مالکی[ci]. هەروەها فرمانی دەرکرد بە تەواو کردنی خوێندنگەی (العادلیه)ی گەورە لە شاری دیمەشق و وەقف بکرێت لە سەر فەقێکانی شافعی[ci i].

مەلیك عادیل لە سایەی زانایان خۆشەویستی بۆ زانست پەروەردە بووە، وە فێری هونەرەکانی جەنگ بووە، وە زانستی (اصول الدین)ی لە ژێر دەستی زانا گەورەکان خوێندووە لە هەموییان بەناوبانگتر (الحافظ السلفي) وە لەسەر دەستی ئەم زانایە فێری بەشی حەوتەمی لە کتابی (المحملیات) کە لە نوسینەکانی فەرموودەناس بەناوبانگ (الحسین المحامیلی) ە بووە،

وە هەروەها لە ژێر دەستی زانا (ابو الطاهر بن عوف) وانەی خوێندووە، وە مەلیك عادیل زۆر مەیلی بەلای زاناكانی سەردەمی خۆی هەبوو بۆیە ئیمام فخرالدین الرازی كتابی (تاسیس التقدیسی) بۆ پۆلێن كردووە، وەهەروەها فێری زانستی فەرموودە بووە وە گێڕاویەتەوە لە شام و میسر[ciii].

**قوتابخانەی عادلیەی گەورە: یەكەم كەس كە دەستی كرد بە دروست كردنی ئەم قوتابخانەیە نور الدین زەنكی بوو لە ساڵی** (٥٦٨ ك/١١٧٢ز)، بەڵام نەیتوانی تەوای بكات چونكە وەفاتی كرد، پاشان مەلیك عادیل ویستی تەواوی بكات بەڵام نەیتوانی تەواوی بكات كورەكەی مەلیك موعەززەم لە ساڵی (٦١٥ك/١٢١٨ز) تەواوی كرد وە بەناوی باوكیەوە ناوی نا[civ].

## باسی سێیەم: مەلیك موعەززەم (٥٧٦-٦٢٤ك/١١٨٠-١٢٣٧ز)

تاكەكانی بنەماڵەی دەسەڵاتداری ئەیوبی لە ئاستێكیّ بەرزی ڕوشنبیردا بوون ڕێزییان لە زانایانی سەردەمی خۆیان دەگرت و دەیان زانی كە ڕۆڵی زاناییان زۆر دیارە بۆ ڕاكێشانی ڕای گشتی وە پاڵپشتی كردنی جەماوەر لە دەسەڵات دار بۆیە زۆر بە كارامەیی ئەم لایەنەیان فەرامۆش نەكردبوو وە زۆریان لە زانایان ڕادەكێشا بۆ لای خۆیان[cv]، وە مەلیك موعەززەم یەكێك بوو لە پادشاییانەی كە لەم بواردا كاری كردووە، لە ڕووی بۆچون و توانا رۆشنبیریەكانی جێگایەكی زۆر پێشكەوتووی هەبوو بە بەراوەرد بە میرو پادشاكانی تری ئەیوبی،هەر لەو ماوەیەی كە كاربەدەستی دیمەشقی پێسپێردرا لە ساڵی (٥٩٢ ك/١١٩٦ز) گرنگیەگی بیّ پایان و گەوری بە زانست و زانایان دەبخشی، ئەم كارەی بە هەمان ڕێچكەی زۆربە تاكەكەنی بنەماڵەی ئەیوبی بووە، شایەنی باسە رۆشنبیری مەلیك موعەززەم ڕوویەكی ئایینی بە خۆیەوە وەرگرتبوو لە بەر ئەوەی هەر لە منالّیەوە فێری وانەی قورئانی پیرۆز بووە خوێندەوە و لە بەری كردووە[cvi]، گومانی تێدا نیە كە مەلیك موعەززەم هەرچەندە تەمەنی گەورە بوو بێت ئەوە ڕادەی ڕۆشنبیری فراوان بووە و بیروبۆچونەكانی هەمەجۆر دەبوو چونكە زیاتر هەوڵی دەدا فێربێت و خۆی رۆشنبیر بكات لە هەموو لایەنەكان بەتایبەتی زۆر هەوڵی دەدا شارەزای فیقە بێت لە سەر مەزهەبی ئیمام ئەبی حەنیفە[cvii]، ئەم فقهەی لە سەر دەستی زانای ناودار (جمال الدین الحصیری) (٦٣٦ك/١١٣٨ز) خوێندوە[cviii]، مەلیك مەعەززەم كاتێك كە ئەم زانایە هات بۆ دیمەشق لە ساڵی (٦١١ك/١١١٤ز) تەمەنی لە دەورووبەری سیو پێنچ سالّ بووە[cix]، ئەم زانایە بە ناودارترین فەقیهەكانی ئاینزەی حەنەفی سەردەمی خۆی دادەنرا، مەلیك موعەززەم وانەی كتابی (الجامع الكبیر)لە فقهی حەنەفی لەلای ئەم مامۆستایە خوێندوە[cx]. ئەوەی جێگای باسە ئەوەیە كە مەلیك موعەززەم لە نێو ئەندامانی بنەماڵەكەی بە تەنها و پێشەنگ بوو لە پێڕەو كردنی ئاینزەی حەنەفی لە كاتێكدا ئەیوبیەكان شافعی بوونە[cxi]، توانی زانا تاج الدین[cxii](٥٢٠-٦١٣ك/١١٢٦-١٢١٦ز) بكاتە مامۆستای خۆی وە پەرتوكی سیبەوەی[cxiii] (١٨٠ك/٧٩٦ز) دەخوێند لە لای ئەم زانایە، وە شرۆڤەی پەرتوكی سیراف (٣٦٨ك/٩٧٩ز) بۆ كرد و كتابی ئەبی علی الفارسی (شیوەی خوێندنەوەی قورئانی) پیرۆزی بۆ كرد، وە قورئانی لە بەر كرد، مەلیك مەعەززەم سیاسەتێكی بیّ وێنەو ڕێكی پێرەو دەكرد لە پێناو هاندانی خەڵكی وفەقێكان بۆ مەبەستی فێربوون و خوێندنەوە، وە بۆ ئەو مەبەستە پەنای دەبردە بەر پێدانی دیاری كە پێكهاتبوو لە سەد دینار بۆ هەر كەسیّ كە بتوانی كتابی (الجامع الكبیر)ی فقهی حەنەفی لە بەر بكات[cxiv]، وە هەر كەسێك پەرتوكی (المفصل) الزمخشری[cxv] (٥٣٨ك/١١٤٣ز)لە بەر بكردایە سەد دیناری پاداشت دەدایە، وە خۆی شارەزایی باشی لەم پەرتوكەدا هەبووە، وەهەر كەسێك پەرتوكی (الایضاح) لە بەربكردایە سی دیناری پاداشتی دەدایە، وە زۆر زانایانی خۆش دەویست وە ڕێزی لێدەنان وە ڕووبەڕووبونەوەی لەگەڵ دەكردن و مێژوونوس سبگ ابن الجوزی (٦٥٤ك/١٢٥٦ز) دەڵێت: "كە موعەززەم زۆر شارەزا بوو لە فەقهی حەنەفی بە تایبەتی پەرتوكی دە بەرگی (التذكرة)ی القدوری (٤٢٨ك/١٠٣٦ز)"[cxvi]، وە موعەززەم لێكۆڵینەوەی تێروتەسەلی لە سەر هەموّ بەرگەكانی كردووە ئەمە

دیاردەیە زۆر سرنجی سبگی راکێشاوە و پیێ وتووە کە زانا گەورەکان ناتوانن ئەمە بکەن، بەڵام موعەززەم پێداگری کردوەو و داوای لێ کردووە زانای گەورە کۆ بکاتەوە و تاقی بکەنەوە، وە کاتێك موعەززەم مردووە سبگ بەم شێوەیە ستایشی کردووە: " لەم ساڵەدا مردنی موعەززەم عیسی دەرکەوت، مەلیك و نەحوی و زمانەوەانی...." (cxvii) . هەروەها پادشایانی ئەیوبی ڕۆڵیکی کاریگەرییان هەبوو لە مەیدانی نووسین و پێرستەی پەرتووك، مەلیك موعەززەم پەرتووکێکی هەبوو لە بواری فقهی حەنەفی و هەروەها کۆمەڵە شیعرکی هەبووە و کۆی کردەوە لە دیوانێکی تایبەت(cxviii) .

ئەوەی جێگای ئاماژە پێکردنە ئەوەیە کە مەلیك موعزەم کاتێك کە پەرتووکی (تاریخ بغداد)ی الخطیب البغدادی(cxix) (٤٦٣ك/١٠٧٢ز) خوێندەوە سەیری کرد هێرشی زۆری تێدا کراوەتە سەر ئیمام ئەبی حەنیفە (١٥٠ك/٧٦٧ز)، وە البغدادی کاتێك کە ئاماژەی بە ژیاننامەی ئەبی حەنیفە کردووە لە پەرتووکەکەی ئەو هێرشانەی کردووە(cxx)، ئەو هێرشانە بریتی بوون لە کومەڵێك بابەتی فیقهی ئیمام ئەبو حەنیفە بە ڕای خۆی فەتوای لە سەر داوون، ئەم شتانە بوو البغدادی کردی بە بەڵگە لە سەر ئیمام و هێرشی کردە سەر تواناکانی دەڵێ: " ئەبو حەنیفە قیاس دەکات بەبێ ئەوەی شارەزای زانستی نەحو بێت "(cxxi)،وە لە لای خۆیەوە مەلیك موعەززەم هەستا بە دواداچوون کردن بە دوای ئەو هێرشانە سەر ئەنجام پەرتوکێکی نووسی ناوی لێنا (السهم المصيب في الرد على الخطيب)(cxxii) لەم پەرتووکەکەیدا وەڵامی هێرشەکان و بابەتە فیقهێکانی بابەت بە بابەت داوەتەوە، بە بەڵگە فقهی و نەحوێکان چارەسەری کردوون، وە دەربارەی ئەم پەرتووکە ابن واصل (٦٩٧ك/١٢٩٧ز) دەڵێ(cxxiii) : "لە سەر ئەم پەرتووکە لە قودس وەستام، خوێندمەوە بینیم لە ئاستیکی زۆر باشدا بوو"سەرەڕای ئەوەی باسکرا مەلیك موعەززەم لە پەرتووکەی خۆی ئاماژەی کردووە بە باس کردن و هەواڵ و بارودۆخی ئەو پیاوانەی کە الخطيب البغدادي بابەتە فیقهێکانی لێیانەوە گێراوەتەوە بە گەرانەوە بۆ پەرتووکی البغدادی (تاريخ البغداد)ی خۆی(cxxiv)، لە پاش ئەوەی کە مەلیك موعەززەم بە پیێ ڕوانگە و لێکدانەوەی ی خۆی تەواو دەبێت لە بێتاوان کردنی ئیمام ئەبی حەنیفە لەو بوهتانانەی کە البغدادی بۆی کردووە، ڕوودەکاتە پەرتووکەکەی البغدادی خۆی و چەند شیعرێکی غەزەلی لێ دەگێڕێتەوە دەکات لە وانە(cxxv):

بات الحبيب وكم له من ليلة فيها اقام الى الصباح معانقي

ثم الصباح أتى ففرق بيننا ولقلما يصفو سرور العاشق

زور جار ئامانجی بووە کە تێدا تاوانباری البغدادی بکات لە نەبوونی دەسپاکی و دادپەروەری لە نوسینەکانیدا(cxxvi) .

ئەوەی کە ڕێگای خۆشکرد بۆ بەدواداچونەکانی مەلیك موعەززەم لە کاتێکدا ئەم جۆرە کارە پێویستی بە توانایەکی نەحوی بەرز هەبووە، ئەوەبوو کە لە ماوەیەکی گونجاودا لە تەمەنیدا ئەو کاتەی کە لێپرسراوی دیمەشق بووە (٥٩٢–٦٢٤ك/١١٩٦–١٢٢٧ز) زۆر بە ڕێکوپێکی ڕووی کردە زیاتر خۆ ڕۆشنبیر کردن بە تایبەتی زانستی نەحو، پیێ دەچێ لێکدانەوەکانی الخگیب البغدادی هۆکارێکی سەرەکی بوو بۆ ڕووکردنی موعەززەم بۆ خوێندنی نەحو لە پێناو دەرخستنی تواناکانی ئەبی حەنیفە لە بواری نەحوی و فیقهی، لەو پێناوەدا ڕووی کردە (الاستاذ البغدادی) شێخی سەردەم لە بواری نەحو کە ناسرا بوو بە تاج الدين الكندی (٦١٣ك/١٢١٦ز) ئەوەی جێگای باسە ئەو زانایە لە سەردەمی میر (فروخشاه كوري شاهنشاه الايوبي)(٥٧٨ك/١١٨٢ز) هات بۆ دیمەشق(cxxvii)، وە بوار بۆ موعەززەم ڕەخسا کە وانەی نەحو و زمان و ئەدەبی لەلا بخوێنێ، ئەوەی زانراوە کە شێخ الكندی بە گرنگترین مامۆستای زمان و نەحو ئەو کاتە ئەژمار دەکرێ، موعەززەم توانی لەلای ئەم زانایە شارەزا بێت لە پەرتووکی (سيبويه) لە نەحو(cxxviii)، وەدەربارەی ئەم بابەتە ابن واصلدەڵێ کە: " لە سەر نوسخەیەکی پەرتووکی سیبویە وەستام بینم کە لە چەند پەرەیەکی خەتی موعەززەمی لە سەر نووسرابوو وا هەست دەکەم لە شەش شوێن، لە هەندێ شوێنی وتوێتی کە: خوێندنەوەو پیاچونەوەی بەشێك لەم کتێبەم تەواو کرد کاتێك من بۆ

شەر چوو بووم بۆ شاری ئەرسوف(cxxi x)، وە خوێندنەوەو پیاچونەوەی هەندێکی تریم کرد کاتێك کە من لە نابلوس بووم "(cxxx) وە ئەمە ئاماژەیەکە حاشەهەڵنەگرە کە موعەززەم لە کاتی شەڕو پەلامارە سەربازیەکانیش بەردەوام بووە لە داواکردنی زانست و زیاتر وەرگرتنی زانیاری.

وەهەروەها مەلیك موعەززەم لە سەر دەستی الكندی (٦١٣ك/١٢١٦ز) پەرتووکی (الحجە فی القراوات)ی زانا ئەبی عەلی الفارسی (٣٧٧ك/٩٨٧ز) خوێندوە هەروەها لە سەر دەستی ئەم زانایە دیوانی (الحماسە)ی ئەبی تەمامی (ت ٢٣١ك/٨٤٦ز)خوێندوە(cxxxi). ئەوەی ڕوونە ئەوەیە کە مەلیك موعەززەم تەنها لە تەمەنی منداڵی و گەنجی هەوڵی خۆ ڕۆشنبیر بوونی نەداوە بەڵکو هەوڵی بەردەوامی داوە و کۆششی کردووە بە درێژایی تەمەنی هەرکاتێ بۆی گونجا بووبێ سەرەرای ئەوەی کە بە کێشە سیاسیەکان و سەردەمی دەسەڵاتی و کاروباری سوپاوە خەریك بووە.

ڕۆشنبیری مەلیك موعەززەم بە تەنها قەتیز نەبووە لە فقە و ئەدەب و زانستەکانی زمان، بەڵکو زانستی فەرموودە و گوێ گرتن لێی بە بەشێکی تری نەبراوەی لایەنی مەعریفی ئەم مەلیکە دادەنرا و گرنگی زۆری پێدەدا، بۆیە لەم پێناوەدا توانی گوێ بگرێ لە مەسنەدی ئیمام ئەحمەد لە سەر دەستی زانای ناودار (حنبل بن عبدالله بن سعاده المكبر) (٦٠٤ك/١٢٠٧ز) ئەم کەسایەتیە بەناودارترین زانای گێرانەوە فەرمووده دادەنرێ و ستایش کراوە بە مەسنەدی بەناوبانگی سەردەمی خۆی، ئەم زانایە ریوایەتی مەسنەدی لە شاری هەولێرو موسڵ و لە پاشان لە دیمەشق کردووە و مەلیك موعەززەم گوێ لە وانەکانی گرتووە(cxxxi i) هەروەها گوێ لە ریوایەتی فەرموودە لە زانا (عمر ابن طبرزد)(٦٠٧ك/١٢١٠ز) گرتووە(cxxxi i i).

وەهەروەها مەلیك موعەززەم زۆر گرنگی داوە بە شیعرو لە کۆری شاعیران دانیشتووە، بە هۆی ئەم گرنگیە هەمە جۆرە ڕۆشنبیریە و ئەو کەسایەتیە زانستیەی هەیبوو، بۆیە ستایش کراوە کە لە ناو بنەماڵەی ئەیوب وەك مەئمونی بنەماڵەی عەبباسی وابوو(cxxxi v) , وە سەبارەت بە وتنی شیعر لە لایەن مەلیك موعەززەم سەرچاوەکان ئاماژەیان کردووە بەوەی کە شیعری داناوە و ابن واصل چەند دێرە شیعرێکی لێوە ریوایەت کردووە وە وتوێتی کە ئەم شیعرەی لە وەڵام دانەوەی یەکێك پیاوەکانی خۆی داناوە کە ناسراو بوو بە (بهاو الدين نصر بن محمد القيسراني) کە تێدا هاتووە:

يـــا مــــن تفـــرّد بالفضــــائل دائبـــاً        أبــــداً يؤســــس مجــــدها تأسيســـا
لا زلـــــت في درج المكـــــارم راقيـــــاً        تعلـــو وربعـــك بالثنـــا محروســـا(cxxxv).

هەروەها لە شیعرەکانی ئەوە بوو کە لە کاتی مردنی مەلیك عادیلی باوکی وتوێتی و دەڵێ:

يقـــول أنـــا يعلمـــون فضـــائلي        وعظِـــم ارتيـــاحي للمكـــارم والمجـــد
ألاَّ تحضـــر المرحـــوم في حـــال دفنـــه        فقلـــت ولـــي قلـــب يُفتّـــت بالوجـــد
خشـــيت أرى الإســـلام والملـــك والعُلـــى        وبذل النّدى والحلم يـودع في اللحد اللحدِ(cxxxvi).

هەروەها سەبارەت گرنگی دانی موعەززەم بە شیعر (سبط ابن الجوزي) دەڵێ کە: "دیوانێکی شیعری هەبووە"(cxxxvi i) بەبێ ئەوەی سبگ ئاماژە بکا بە هیچ زانیاریەکی تر دەربارەی ئەو دیوانە شیعرە، هەروەها ئەوەی جێگای ئاماژەیە ئەوەیە کە هیچ زانیاریەك لە سەر ئەم دیوانە نەبینراوە کە دەسنووس بێت یان چاپ کراو بێ تەنها ئەو ئاماژە سەرپییانە نەبێت کە لە کاتێکی درەنگدا لە لایەن (سبط ابن الجوزي) هاتووە کە لەو بارەیەوە وەڵام دەداتەوە دەڵێ کە موعەززەم دیوانێکی شیعری هەبووە و کە (عبد الرحمن القوصی) (٦٣١ك/١٢٣٣ز) گوی لێبووە، بە بێ ئەوەی ئاماژە بکات بە پەیوەندی ئەم (القوصی) ناوە بە مەلیك موعەززەمەوە چی بووە و کاتی چاوپێکەوتنەکەی کەی بووە(cxxxvi i i). هەروەها لە گەڵ ئەو

هەمەجۆریـە لـە رۆشـنبیر و و زانسـتی مـەلیك موعـەززەم هـەبیوو لایـەنی (السـیره النبـوی) فـەراموش نـەکردووە بـەپێی سەرچاوەکان وانـەی (السـیره النبویـه –ابـن هشـام)ی لـە سـەر دەسـتی دادوەر (ابـی محمـد عبـدالله بـن محمـد بـن المحلـی) خوێندوە[cxxxix].

لە پێناو بڵاوکردنەوەی ئاینزەکەی مەلیك موعەززەم دوو خوێندنگای تایبەتی دروست کرد بە ئامانجی خوێندنی ئاینزەی حەنەفی تێدا ناوی لە هەردووکیان نا (المدرسه المعظمیة) یەکێکیان لە قودس لە ساڵی (٦١٤ك/١٢١٧ز) دروستی کرد، ئەوەی تریان لە دیمەشق لە ساڵی (٦٢١ك/١٢٢٤ز) دروستی کرد، جگە لەمانە مەلیك موعەززەم رۆڵی بینیوە لە دروست کردنی چەندین دامەزراوەی فێرکاری و خزمەتگوزاری لە وڵاتی شام[cxl].

بۆ زیاتر بەرەوپێش بردنی خولیاو حەزەکانی لە بواری رۆشنبیری بە تایبەتی گرنگیدانی بە زانستەکانی زمان و نەحو مەلیك موعەززەم فەرمانی دەرکرد بە دروست کردنی خوێندنگایەك لە شاری قودس ناسرا بە خوێندنگای (النحویه یان القبه النحویه) لە ساڵی (٦٠٤ك/١٢٠٧ز)، ئامانجی ئەوە بوو کە ببێتە مەڵبەندێك بۆ وتنەوەی هەر شتێك کە پەیوەندی بە زمان و زانستەکانیەوە هەبێت، لە پێناو پاڵپشتی کردنی دارایی ئەم دامەزراوە زانستیە و وەك ابن واصل دەڵێ: " مەلیك موعەززەم وەقفێکی زۆری بۆ دانا ... مەرجێکی دانا کە نابێت ئەو وەقفە خەرج بکرێت تەنها بۆ حەنەفیەکان نەبێت"[cxli]، ئەم حاڵەتەش لە گەڵ پێرەوی ئاینزەی خۆی دەگونجا.

زۆر جار پاش تەواو بوونی دروست کردنی خوێندنگا ئاهەنگێکی قەشەنگی کردنەوەی بۆ دەکرا وە زۆر جار سوڵتان و گەورە بەرپرسیارانی وڵات ئامادە دەبوون وە تێیدا خواردن و خواردنەوەو دیاری دەدرا بە مامۆستاکان و خوێندکارەکان لە لایەن سوڵتان و میرەکان، وە مەلیك موعەززەم لە کاتی کردنەوەی خوێندنگای عادلیە ئامادەی یەکەم وانە بوو لە ساڵی (٦١٩ك/١٢٢٢ز) وە لە پێشەوە دانیشتبوو لە لای چەپی قازی جمال الدین المصری بو و لەلای ڕاستی جمال الدین الحصری و لە تەنیشتی فخر الدین ابن عساکر (٥٧١ك/١١٧٥ز) بوو، هەروەها موعەززەم بریاری دا بۆ خوێندنگاکەی خۆی ژمارەی خوێندکارانی بە پێی ئەو ئەوقافی بۆی دیاری کرابوو بێت و خوێندکارەکان ئازاد لەو وانانانەی کە دەیان خوێند[cxlii].

## باسی چوارەم: مەلیك کاملی کوڕی مەلیك عادیل

هەروەها مـەلیك الکامـل محمـدی کـوری عادیـل (٦١٥–٦٣٥ك/١٢١٨–١٢٣٧ز) کـە جێگـای بـاوکی گرتـەوە لـە دەسـەڵات لـە ئاستێکی رۆشنبیری بەرزا بـوو، هەرچـەندە مـەیلی بـەلای ئـاینزەی شـافعی ئەشـعەریەوە هـەبووە و رکابـەری حەنابیلـەکانی دەکرد، بەڵام بەوە ستایش دەکرا کە خۆشەویستی بۆ زانایان و زانست هەبووە بە گشتی، دەربارەی ووتراوە کە: " پیـاوێکی چاکەکارو ئـەدیب و فـەقی و... بـە چـاوی گـەورەیی تەماشـای زانسـتخوازانی دەکـرد زۆر خۆشەویسـت بـوو لایـان، هـەموو هەفتەیەك کۆیدەکردنەوە لە کۆشکەکەی خۆی لە لای لێکۆڵینەوەو ڕووبەرووبونەوە ئەنجام دەدراو قسەی لەگەڵ دەکـردن وە

بەشداری لێکۆڵینەوەکانی دەکردن و ڕەچاوی ئادابی ڕووبەڕووبونەوەی دەکرد و بە جوانترین شێوە بەشداری گفتوگۆی دەکردو بیروڕای خۆی دەخستەڕوو "[cxliii].

وەهەروەها مەلیك الكامل بەوە ناسرابوو کە خاوەن ڕۆشنبیریەکەی هەمە جۆر بووە، لەلایەك بە زانستی فەرموودەوە سەرقاڵ بووە، وە ئیجازی گێرانەوەی فەرموودەی لە لایەن گەورە زاناکانی ئەو سەردەمەی پێبەخشراوە وەكالحافظ السلفي و ابو عبد الله كوري صدقي الحراني و الحافظ جمال الدين الصفراوي(٦٣٥ك/١٢٣٧ز) نزیکەی چل فەرموودەی بۆ دەرهیناوە و بەدواداچوونی بۆ کردووە [cxliv]، لە گرنگترین کارەکانی دامەزراندنی (خوێندنگەی الکاملیە) یە، کە بەیەکەم خوێندنگە دادەنرێ کە تایبەت کرابێت بە وتنەوەی وانەی زانستی فەرموودەناسی لە وڵاتی میسر ئەویش لە ساڵی (٦٢١ك/١٢٢٤ز) بوو[cxlv].

سەرەڕای زانستە شەرعیەکان، مەلیك الکامل گرنگیەکی زۆری بە زانستی نەحو داوە و لەم بوارەدا بیروڕای تایبەتی هەبووە کە وای لێکردوە وەك زانایەکی شارەزا دەرکەوێ بچێتە قوڵایی جیاوازیەکان و گرێ کوێر و نهێنیکانی ئەم زانستە، بۆ ئەم مەبەستە القفطي(٦٤٦ك/١٢٤٨ز) دەڵێ: " الكامل (غرام)ی خوشەویستی بو زانستی نەحو هەبوو، زۆر ئارەزوومەند دەبوو تێکەڵی نەحەویەکان بێت تاوەکو لێانەوە فێربێت و سودمەند بێت"[cxlvi]. بۆیە خاوەنی پێگەیەکی بەرزو بەرێز بوو لای گەورە زاناکانی نەحو لە وانە نەحوی گەورە عبداللە کوری بڕی کە توانی ئیجازەیەکی زانستی لە لای ئەم زانایە لەم زانستەدا وەربگرێت[cxlvii]. بۆیە بە هۆی ئەم بیروبۆچون و ڕووە ڕۆشنبیری و زانستیەی مەلیك الکاملیەوە زۆریك لە زانا و پیاوچاکان و زانستخوازانەوە بە سەر دەکرایەوە ئەویش دریغی نەدەکرد لە ڕێزگرتنیان و پاداشتی دەکردن، وەك ابن واصل دەڵێ: " لمن ياتيه منهم الارزاق الوافرة الداره"[cxlviii]، بۆیە زیادڕەوی نیە گەر بوترێ کە میسر لە سەردەمی ئەم مەلیکە بووە مەڵبەندێکی کۆبونەوەی زانا و فەقێکان و خەڵکی چاکەکار، وە مەلیك الکامل زۆر بە باشی گرنگی پێدان و ماڵ و پارەوپوڵی بەسەردا هەڵدەرژان[cxlix]. وە زۆر جار ڕووبەڕوو دەبووە لە گەڵ زاناکان و پرسیاری دەوروژاند لە بواری فقەو نەحو وە تاقیکردنەوەی ئەو کەسەی دەکرد گەر وڵامی بداياتەوە زۆر ڕێزی لی دەگرت و نزیکی دەکردوە لە خۆیەوە، وە دەوترێت کە ئیمبراتۆر فردریك[cl] (٥٩٠ –٦٤٨ ك/١١٩٤ – ١٢٥٠ز)چەند پرسیارێکی لە بواری ئەندازەیی و پزیشکی و بیرکاری بۆ مەلیك كامیل ناردوە بۆ وەڵامدانەوە، مەلیك كامیل خستیە بەردەست زاناکان بۆ وەڵام دانەوەی و وڵامەکەی ناردەوە بۆ ئیمبراتۆر فردریك[cli].

وە باوکی مەلیك كامیل مەلیك عادیل زۆر گرنگی دەدا بە کورەکانی وە لەناو کوڕەکانی مەلیك كامیل ڕێگای بۆ خۆش کرا و لە زۆر بوارد (اجازە) ڕێپێدانی وەرگرتووە لە لایەن زانایانی سەردەمی خۆی، وەهەروەها توانیوێتی بەشێوەیەکی زانستی و ڕەوان قسە لە سەر سەحیحی مسلم بکات[clii]، وە ئەم خاوەنی دانانی کۆڕی هەفتانە بوو بۆ زانایان هەموو ئێوارەیەکی پینج شەممان خۆشی بەشداری دەکردوو وە بەشدار دەبوو لە ڕووبەڕوو بونەوەکانی زاناکان[cliii]. مەلیك كامیل چالاکی ئاواکاری هەبووە بە تایبەتی دروست کردنی قوتابخانە لەوانە:

– قوتابخانەی کامیلیە: لە لایەن مەلیك كامیل کوڕی مەلیك عادیل لە ساڵی (٦٢٢هـ/١٢٢٥ز) لە قاهیرە دروست کراوە، ئەم قوتابخانەیە وەقف بوو بۆ ئەو کەسانەی کە سەرقاڵ بوون بە فەرموودە پیرۆزەکانی پێغەمبەر (د.خ)، زانای شافعی عمری کور حسن ئەلئەندەلوسی(٦٣٣ك/١٢٣٦ز) سەرپەرشتی ئەم قوتابخانەیەی پێ درا[cliv].

– ماڵی فێربونی فەرمودەی ئەلکاملیە: کە ئەویش بریتی بوو لەو دامەزراوەی، کە بەیەکەم ماڵی فێربوونی فەرمودە دادەنرێ کە لە میسر دروست کراوە، لە ساڵی (٦٢٢ك/١٢٢٥ز) لە نێوان دوو کۆشکەکە لە لایەن مەلیك كامیل محەمەد کوری مەلیك عادیل دروستکراوە، وە ئەرکی سەرپرشتیاریکردنی درا بە شێخ عومەر دەحیە(٦٣٣ك/١٢٣٦ز) کە خاوەنی نووسینی کتێبی

"نهایە السول"ە[cl v]. وە لە هەمان کاتدا بریار درا بە دروست کردنی شوێنی تایبەت لە ناو ئەم ماڵدا بۆ خوێندکاران و مامۆستاکان وبەشێکی ترخان کرا بۆ کتێبخانەیەکی مەزن[cl vi].

## باسی پێنجەم: سوڵتان ساڵەح نجم الدین ئەیوب

سوڵتانساڵەح نەجمەددین ئەیوب کوڕی مەلیك كامیل ناصرەدین کوڕی مەلیك عادل محمد کوڕی ئەیوب، لەساڵی (٦٠٣ ك/١٢٠٦ ز)، لەقاهیرە هاتۆتە دنیایەوە[cl vii]. لە ساڵی (٦٢٥ك/١٢٢٨ز)، باوکی کردی بە جێنیشینی خۆی، بەڵام بە کاریگەری و بوختانی دایکی مەلیك عادیلی دووەم ماوەیەك بە بڕیاری باوکی لە میسر دوور خرایەوە، توشی ئەزیەت و کوێرەوەری زۆر بوو، بەڵام لە دوایدا بانگ کرایەوە بۆ میسر بوو بە سوڵتانیدەوڵەتی ئەیوبی لە ساڵی ٦٣٧ك/١٢٤٠ز[cl viii] بەڵام بۆچوونەکی تر هەیە دەڵێت لەرۆژی هەینی ٢٣ شەوالی ساڵی(٦٣٦ك/١٢٣٩ز)، بوو بە سوڵتان[cl ix]. ساڵەح نەجمەددین ئەیوب لە سەرەتای گرتنەدەستی دەسەلاتی میسر گرنگی زۆری دا بەکڕینی مەمالیکە تورکەکان تا ئاستێك کەهیچ کەسێك لە بنەماڵکەی خۆی پێی نەگەیشتبوو، زۆربەی سوپاکەی لەتورکەکان بوون، ئەمەش لەترسی پاشا ئەیوبیەکانی تر کە بە سەرکردایەتی مەلیك ساڵەح اسماعیلی مامی لەدژی کۆبوونەوەو تیپەکانی ئەشرەفیە و کاملیەکان لێی ڕاپەڕین بۆیە ساڵەح ئەیوب تەنیا ژمارەی ئەم مەمالیکانەی زۆر نەکرد، بەڵکو ئازادیەکی وای پێدان کە بە دەستە و تاقمەکانی تری نەدابوو، تا ئەوەی خەڵکی میسر لە خراپەو ئاژاوەو دەست درێژیان بۆ سەر ماڵ وگیانیان لیان بێزار بوون، ئەو کات ساڵەح ئەیوب پێی باش بوو، لە پایتەخت دووریان بخاتەوە، بۆیە لە ساڵی (٦٣٨ك/١٢٤١ز)، قەلایەکی تایبەتی بۆ دروست کردن لە دوورگەی (روضة النیل) و لەوی سەقام گیری کردن و کردنی بە مەڵبەندی دەسەلاتی خۆیی وچەك وئامێرە جەنگیەکان وشمەکی پێویستی بۆ بردن، بۆیە ئەو مەمالیکانە بە مەمالیکی ساڵەحی دەریایی ناسران[cl x] شایەنی باسە سوڵتانساڵەح نەجمەدین ئەیوب یەکەم کەس بوو کە ئەم ناوەی لێی ناوە، لەبەر دەریای ڕووباری نیل کە چوار دەوری نشینگەکانی ئەوانی لە دوورگەی روضة النیل دا دابوو[cl xi].

لە سەردەمی ساڵەح ئەیوب فەرەنسیەکان (خاچیەکان) بەسەرکردایەتی لویس نۆیەم[cl xii](٦٢٣–٦٦٨ك/١٢٢٦–١٢٧٠ز)دەستیان گرت بەسەر دمیاگ[cl xiii]. پێشڕەویان کرد بۆ مەنصورە، مەلیك ساڵەح نەجمەدین ئەیوب لەوکاتەدا نەخۆش بوو، بەڵام خۆی ئامادەکرد بۆ جەنگ دژی خاچیەکان، بەڵام تەواوی نەکرد[cl xiv]. لەو شەوەدا لە ناوەڕاستی مانگی شەعبان لە منصورە کۆچی دوایی کردوو مردنەکەیان شاردەوە تا هاتنی کوڕەکەی لە حصن کیفاوە[cl xv] کە ئەویش مەلیك موعەززەم تورانشاە بوو[cl xvi].

گەر بێت و قسە لەسەر سوڵتان ساڵەح ئەیوب بکەین ئەوە ئەتوانین بڵێین کە ئەم سوڵتانە بە لێهاتوترین زیرەکترین دەسەڵاتدار و پادشای بنەماڵەی ئەیوبی لە ڕووی سیاسی و سەربازیەوە دوای سوڵتان سەلاحەددینەوە ئەژماردەکریت، ئەم توانایە بواری پێدا کە بەوردی چاودێری بەشە کاریگەرە گرنگەکانی دەوڵەت بکات[cl xvii].بەڵام دەربارەی رۆشنبیری گشتی ئەم سوڵتانە بیروڕای جیاوازی لە سەر هەیە لەلای مێژوونوسان، لەو کاتەی کە لە لای هەندێك سەرچاوەی مێژوونوسانی درەنگ هاتووە کە ئەم سوڵتانە هیچ مەیلێکی بەلای زانست یا خود خوێندنەوەی کتێب و دانیشتن لە کۆری زانایان نەبووە سەرەرای ئەوەی کە خزمەتی دەکردن و پارەوپوڵی بۆ خەرج دەکردن[cl xviii]. بەڵام هەندێکی تر لە سەرچاوە هاوچەرخەکانی ئەو سەردەمە ڕای پێچەوانەیان هەیە لەوانە ابن ایبك الداودار کە دەربارەی ساڵەح ئەیوب دەڵێ: " کە خاوەن بیروباوەر و ئاینیکی باش بوو، زۆر مەیلی بەلای خوێندنەوەی کتێب و زانست و پیاوچاکان هەبووە خوشەویستی بۆ ئەو کەسانەی کە چاکەکارو بەڕێزو و خاوەن ئاکاربوون هەبووە، زۆر مەیلی بە لای زاناکان و خاوەن هەموو ڕەوشتە چاکەکان بووە "[cl xix]، وەهەروەها ئەوەی کە پزیشك و گیایی ناوداری ئەندەلوسی چیاو الدین عبد الله کوری ئەحمەد المالقی کە

ناسرابوو بە کوڕی البیگار (٦٤٦ك/١٢٤٨ز) ئاماژەی پێکردوە لە پێشەکی کتابە ناودارەکەی (الجامع لمفردات الادویە) (cl xx) دەربارەی ساڵەح ئەیوب دەڵێ کە گوایە لە سەر داوای ئەم سوڵتانە ئەو کتێبەی ئاماژەمان پێکرد نوسیوە، هەروەها زۆر گرنگی داوە بە پزیشکی ناودار رشید الدین کوڕی ئەبی حولیقە(٦٤٦ك/١٢٤٨ز)، کە بە یەکێك لە پزیشکە ناودارەکانی دروست کردنی (الکحل – کل) و پزیشکی چاو دادەنرێت لە میسر لە سەردەمی ئەیوبی، ئەم پزیشکە لەسەر داوی ساڵەح ئەیوب کتێبێکی نووسی لە سەر چۆنێتی دروست کردنی داودەرمانی چاو(cl xxi)، هەروەها بە هەمان شێوە ڕێزێکی بێ پایانی لە پزیشکی ناوداری شامی نجم الدین محمد کوری یحیی اللبودی (٦٦٦ك/١٢٦٧ز) ناوە کاتێك ئەم کەسایەتیە لە شامەوە کۆچی کرد بۆ میسر وپەیوەندی کرد بە تیمی پزیشکانی پسپوری تایبەت بە کۆشکی سەڵتەنە، سوڵتان بە بەڕێوەبەری دیوان لە ئەسکەندەریە دایمەزراند و مانگانە نزیکەی سێ هەزار درهەمی بۆ بڕییەوە(cl xxi i).

ئەوەی سەرچاوەکان ئاماژەیان پێکردوە دەربارەی پەیوەندی سوڵتان الصالح ئەیوب بە زانا و فەقیهەکانەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە بە یەکێك لەو سوڵتانانە دادەنرێ کە لە دوادوایەکانی سەردەمی ئەیوبی ڕێزێکی تایبەتی بۆ زانستخوازان دانابوو بەڵام نەدەگەیشتە ئاستی سوڵتانەکانی پێش خۆی لە سەرەتاکانی دەوڵەتی ئەیوبی، بۆ نمونە زانای ناودار عز الدین کوڕی عبد السلامی (٦٦٠ك/١٢٦٢ز) گرتە ئامێزی خۆی کاتێك وولاتی شامی بە جێهێشت بە هۆکاری سیاسی لە پێناو جێگیر کردنی پێگەی خۆی لە سەڵتەنە و بڕیاری دا نیشتەجێ بێ لە میسر لە ساڵی (٦٣٩ك/١٢٤١ز)، رادەی ئەو ڕێزو پێشوازیە گەرموگورەی کە سوڵتان ساڵەح ئەیوب لەم زانایەی گرت لەوەو دەردەکەوێ کە چەندین پۆستی فەرمی و ئایینی پێبەخشی وەکو پۆستی دادوەری میسر و رووی هۆزایەتی و وتاردان لە مزگەوتی (عمرو بن العاص)، سەرەرای پێدانی ئەرکی چاودێری ئەو بیناو مزگەوتە چۆلکراوەکان لە شاری قاهیرە و فسگاگ(cl xxi i i)، لەگەڵ پێدانی ئەرکی وانە وتنەوە لە خوێندنگای (الصالحیە)، ئەم نمونەیە تەنها نمونە نیە کە ئەم سوڵتانە بەرامبەر زانایان کردوێتی بەڵکو بەهەمان شێوە کاتێك مێژوو نووسی شامی (سبط بن الجوزي) (ت ٦٥٤ك/١٢٥٦ز)، لە ساڵی (٦٤١ك/١٢٤٣ز) سەردانی میسری کردپێشوازیەکی گەرمی لێکردو زیادرەوەی زۆری کرد لە خزمەتکردنی و ڕێزلێنانی کە گەیشتە ئەو رادەیەی کە سبگ ابن الجوزی نەیتوانی شوێنی نیشتەجێ بوونی لە قاهیرە جێبهێڵێ و سەردانەکەی بۆ شارەکانی تری میسر تەواو بکات(cl xxi v). بەڵام ئەوەی جێگای باسکردن و کەموکورتیە لە سوڵتان الصالح ئەیوب ئەوەیە کە ئامادە نەبونێتی لە کورو ڕووبەڕووبونەوە زانستیانەی کە بە بەردەوامی دەبسترا یان بەشداری کردنی کارای نەبوو لەو چالاکییانە وەك سوڵتانەکانی پێش خۆی، پێی دەچێ هۆکاری ئەمە وەك المقریزی دەڵێ بگەرێتەوە بۆ حەزی ئەم سوڵتانە بە گۆشەگیری و بەتەنها مانەوەو بێدەنگ بوون لەزۆر کاتدا(cl xxv).

**خوێندنگای ئەلساڵەحیە**: سوڵتان صالح نەجمەدین ئەیوب ڕۆڵی بینیوە لە خزمەتکردنی زانست و زانایان و سەروەت وسامانێکی زۆری بۆ ئەو مەبەستە خرج کردوە، وە یەکێك لە شاکارە جوانەکانی دروست کردنی خوێندنگای ئەلساڵەحیە بوو، ئەم خوێندنگایە دەکەوێتە نێوان دوو کۆشکەکە، لە ساڵی (٦٣٩ك/١٢٤١ز) دەست بە دروستکردنی کراوە لە ساڵی (٦٤١ك/١٢٤٢ز) تەواو بووە، وە ئەم خوێندنگایە لە چوار بەش پێکهاتبوو بۆ هەر ئاینزەیەك بەشێکی فقهی سەربەخۆ دەخوێنرا، بە یەکەم خوێندنگا دادەنرێت کە بەم شێوەیە دروست کرابێت(cl xxvi)، وە مەلیك ساڵەح بڕیاری دا کە دوو ئەیوانی تێدا دروست بکرێت یەکێکیان تەرخان بکرێت بۆ خوێندنی هەر دوو فقهی حەنەفی و حەنبەلی، وە ئەیوانەکی تر تەرخان بکرێت بۆ خوێندنی فقهی شافعی و مالکی، وە لە پێناو بەردەوامی و پەرەسەندنی وەقفی زۆری بۆ دانا(cl xxvi i)، وە لە سەردەمی مەمالیکی دەریایی وە بە تایبەتی لە سەردەمی دەسەڵاتی سوڵتان ئەلسەعید بەرەکەی خانی کوری سوڵتان بێبەرس(cl xxvi i i) وەقفی زیاتری بۆ ئەم قوتابخانەیە دابین کرد، وە هەروەها چوار مامۆستای بۆ دانا وە بۆ هەر مامۆستایەك دوو موعیدی دانا لە گەڵ ژمارەیەك خوێندکار وە هەروەها دانانی پێش نوێژێك و بانگخوێنێك وە دابین کردنی

بەشەناوخویەكی نوێ بۆ خوێندكارەكان [cl xxi x]. لەو ماموستایانەی كە ئەركی وانە وتنەوەیان گرتە ئەستۆ بۆ وانەی فقهی شافیعی هەر یەك لە شێخ عزەددین كوری عەبدول ئەلسەلام و تاجەددین عەبدول ئەلوەهاب كوری بنت الاعز (٦٦٥ك/١٢٦٧ز)و بەدرەددین محەمەد كوری جەماعە(٧٣٣ك/١٣٣٣ز) و تەقیەددین محەمەد كوری ئەلحوسەین كوری رەزین(٦٥٦ك/١٢٥٨ز). وە وانەی فقهی حەنەفی هەر یەك جەمالەدین ئەبو بەكر ئەلقەزوینی و شەمسەددین ئەحمەد كوری ئیبراهیم ئەلسەروجی(٧١٠ك/١٣١٠ز) دەیان وتەوە [cl xxx]، وە وانەی فقهی حەنبەلی شەمسەددین محەمەد كوری ئیبراهیم و شەرەفەدین عەبدولغەنی ئەلحەرانی(٧٠٩ك/١٣٠٩ز) [cl xxxi]، وە هەروەها وانەی فقهی مالكی لە لایەن شێخ شەرەفەددین عومەر كوری عبداللە ئەلسەبكی و خەلیلەدین كوری ئیسحاق كوری ئەلجوندی (٧٧٦ك/١٣٧٤ز)دەوترایەوە [cl xxxi i].

هەرچەندە سولتان ساڵەح ئەیوب لە سەر ئاینزەی شافعی – الاشعری [cl xxxi i i]– بوو بەڵام زۆر هەوڵی دەدا كە یەكسانی لە نێوان پێرەوانی هەر چوار ئاینزەكە بكات، بە تایبەتی لە ڕووی خزمەت كردنی زاناكان و شوێنكەوتوانیان، بۆیە بڕیاری دا لە خوێندنگا بەناوبانگەی كە پیس ئیستا باسمان كە لە میسر دروستی كرت لە سەرەتاكانی ساڵانی یەكەمی وەرگرتنی دەسەڵاتی سەڵتەنەتی و خوێندن تێدا لە ساڵی (٦٣٩ك/١٢٤١ز) دەستی پێكرا، بڕیاری دا كە خوێندكاری هەر چوار ئاینزەكە لە خۆ بگرێت بێ جیاوازی،بەو پێیە ئەم خوێندنگەیە بە یەكەم خوێندنگە دادەنرێت لە وڵاتی میسر " كە پێك هاتبێ لە كۆكردنەوەی خوێندكارانی هەرچوار مەزهەبەكە لە یەك شوێندا "[cl xxxi v]، كە لە دوای خوێندنگەی المستنصریە لە بەغدا بۆ یەكەم جارە بەم شێوەیە بوبێ، هەروەها سولتان چاودێری و خزمەتێكی بەرزی یەكێك لە ماموستاكانی خوێندنگەكەی دەكرد كە لە پێرەوانی مەزهەبی شافعی بوو ئەویش دادوەری دادوەران افچل الدین الخونجی (٦٤٦هـ/١٢٤٨ز) بوو، ئەم ماموستایە زۆر بە توانا بوو لە بواری زانستی (المنطق و الحكمە) لوجیك ودانایی تا وایلێهات كە بوو بە سەرداری ئەم زانستە لە زەمانی خۆی[cl xxxv]. وە ئەمە بە گۆڕانێكی دیار دادەنرێت لە تێڕوانینی سوڵتانەكانی ئەیوبی بەرامبەر زانستی (المنگق و الحكمە) ئەو زانستەی كە پێرەوانی توشی بەگژاچونەوە و نارەحەتی زۆر دەبونەوە لە سەرەتای سەرهەڵدانی دەوڵەتی ئەیوبیەوە تاوەكو رۆژانی سەردەمی مەلیك الكامیل محەمەد و مەلیك الاشرف موسای برای لە وڵاتی شام[cl xxxvi].

## باسی شەشەم: گرنگیدانی ئەیوبیەكان بە كتێبخانە ( خزائن الكتب )

ئەیوبیەكان گرنگی زۆریان بە كتێبخانە دەداو بە هۆكارێكی گرنگیان لەقەڵەم دەدا لە بەهێزكردنی چالاكی ڕۆشنبیری بەتایبەت سەلاحەدین كە گرنگی زۆری بەم بوارە دەدا[cl xxxvi i]. ئەمەش وای كرد كە ئەیوبییەكان چەندین كتێبخانە دابمەزرێنن بە هۆی چوونی ژمارەیەكی زۆری خوێنەران بۆ كتێبخانەكان وای لە سەلاحەددین كرد كە وەزیرێكی دامەزراند بە ناوی(قاضي فاضل عبدالرحیم البیساني)[cl xxxvi i i](٥٩٦ك/١٢٠٠ز)[cl xxxi x]. كتێبخانەكان جۆراوجۆر بوون بەتایبەت هەندێكیان گشتی و تایبەتی و مزگەوتەكان و نەخۆشەكان[cxc]، ئەمەش ڕۆڵێكی كارای گێڕا لەو كاتەدا كە شارەكان لە بواری زانستی و ڕۆشنبیری كەوتنە ململانێ، ئەو كتێبخانانەی لە پاڵ قوتابخانەكان دروست دەكران، جگە لەچەند ژورێك پێك هاتبوون كە هۆڵێكی فراوان بەیەكیەوە دەیبەستنەوە، پەرتووكەكانی لەسەر ڕەفەیەك جێگیر كرابوو بە دیوارەكەدا دادەنرا، هەر ژورێك تایبەت بوو بە زانستێك، بەتایبەت ژورێك بۆ فیقهە و ژورێك بۆ پزیشكی و ژورێك بۆ ئەدەب، هەروەها هۆڵێكی

تایبەتی تێدا بوو بۆ خوێندنەوە، لەگەڵ چەند ژورێکی تر بۆ نوسەران و بۆ لە بەر گرتنەوە کردنی پەرتووکەکان، لەهەندێ ژوردا مۆسیقا هەبوو بۆ پشوو وەرگرتن، ژورێکی تایبەتی هەبوو بۆ گفتوگۆی زانستی لە نێوان سەردانی کەرانی کتێبخانەکەدا، هەروەها چێشتخانەی تایبەتی تێدا بوولەگەڵ ژوورێك بۆ مانەوەی بێگانەکان[cxci].لەکاتێك خوێنەران سەردانی کتێبخانەیان دەکرد بە شێوەی خواستن کتێبەکانیان وەردەگرت[cxcii]، لە زۆربەی کاتەکان بۆ قوتابیانی ناوخۆ بوو هەروەها بۆ کەسی دەرەوەش هەبوو کە دەبوو بەڵێنی دابا کە پارێزگاری لە کتێبەکان بکات، هەروەها پێویستە بووترێت کتێبەکان بەشێوەیەکی ئاسۆیی واتا کتێبە گەورەکان لە خوارەوەو بچوکەکانیش لەسەرەوە دادەنران[cxciii]. هەروەها کەسانی شارەزا لە لایەن دەوڵەتەوە بۆیان دیاری دەکراو خەرجی بۆ کتێبخانەکان دابین دەکرا[cxciv]. لەو سەردەمەدا کە کتێبەکانیان بەشێوەی وەکو سەردەمی ئەمڕۆ ڕێکخرابوون نموونە لەو کتێبخانانە کتێبخانەی (قازي فاضل عبدالرحيمی کوڕی علي کوري بسياني عةسقةلاني)بوو[cxcv]. کە کتێبخانەکەی لە سەد هەزار بەرگ پێك دەهات[cxcvi].

## بەشی چوارەم: ڕۆشنبیری ئافرەتەکانی بنەماڵە ئەیوبی

ئافرەتەکانیئەیوبی هیچیان کەمتر نەبوو لە پیاوانی ئەم بنەماڵەیە لە بواری ڕۆشنبیری و زانستی وە ئەم ئافرەتانەبریتی بوون لە خوشك و کچ و خێزانەکانی سوڵتانەکانی ئەیوبی، وە ئەمانە ڕۆڵی کاری گەرییان بینیوە لە بواری ئاواکاری و تەرخانکردنی سامانی خۆیان لە پیناو پەرە پێدانی لایەنی زانستی چ لە دروستکردنی خوێندنگا یان یارمەتیدانی زانا و خوێندکارەکان،لەو ئافرەتانە کە باسیان دەکەین:

### باسی یەکەم: ست شام

ست شام (٦١٦ك/١٢١٨ز)کچی نجم الدين ئەیوبی کوڕی شادیە، خوشکی سوڵتان سەلاحەددین و موعەززەم تورا نشاە و شمس دولە و هتد...، [cxcvii] خوشکی پاشایانی وە پوری کوڕەکانیان بوو وە زیاتر لە ٣٥ نامەحرەمی هەبوو لە پادشایان[cxcviii]ست شام خاتونێکی ژیر و چاکە کار بووە، زۆر گرنگی بە نوێژەکانی داوە، لە ماڵەوە کاری کردووە و خۆی لە خەڵك جیانەکردۆتەوە، ماڵەکەی جێگای پەنابەران و لێقەوماوان بووە[cxcix]. هاوسەرگیری لە گەڵ کوڕی مامی کرد (ناصرالدين محمد کوڕی أسد الدين شێرکۆ خاوەنی حمص[cc].دایکی عصام الدين بووە، کچەکەی مامۆستا بووە لە باکوری دیمەشق[cci]، ست شام بەوە ناسراوە کە خاتونێکی چاکەکار و بەبەزەیی و خێرخواز بووە بەرامبەر هەژاران و نەداران[ccii].لە مێژووی شارستانی دەوڵەتی ئەیوب دا ڕۆڵێکی بەرچاوی گێڕاوە،شان بەشانی خاتونەکانی تری ناو ئەو بنەماڵەیە، بەشی زۆری سامانی بۆ وەقفی خوێندنگاکان و بەرژەوەندی گشتی خەڵك تەرخان کردووە، ست شام دوو خوێندنگای دروستکردووە، هەروەها چەندین گەرماو پرۆژەی خزمەتگوزاری دروستکردووە، ست شام لە ڕۆژی جومعەی مانگی ژی القعدە ساڵی (٦١٦ ك /١٢١٥ ز) کۆچی دوایی کردووە، لە کاتی مردنی خەڵکێکی زۆر ئامادەی ناشتنی بووە[cciii].

یەکێك لە کارە گرنگەکانی ست شام دروست کردنی خوێندنگای شامیەی بەرانیە کە لە ساڵی (٥٨٧ ك /١١٩١ ز) تەواو بووە، کە یەکێکە لە قوتابخانە گەورەکان[cciv].ناسراوە بە شامیەی بەرانیە چونکە دەکەوتە دەرەوەی قەڵای دیمەشق[ccv]. لە گەڕەکی (العتيقه) لە (العونيه) بەڕێوەبەرایەتی ئەوقافی سوریا بەسەرپەرشتی بەڕێوەبەرایەتی شوێنەوارە دێرینەکان هەستاوە بە چاککردنەوەو ئاوەدان کردنەوەی، ئەم خوێندنگایە مزگەوتێك لە خۆدەگرێت، وە سێ گۆڕ لەم خوێندنگاکەیادا هەیە، یەکەمیان ست شام هەروەها کوڕەکەی حیسامەدین، دووەمیان گۆڕی ناصر الدينی مێردیەتی، سێ یەمیان گۆڕی براکەی توران شاە شمس الدولە خاوەنی یەمەنە. ست شام ئەو خوێندنگایەی وەقف کردبوو بۆ خانەیەکی فێرکاری و خزمەتگوزاری، یەکەمین مامۆستای ئەم خوێندنگایە (تقى الدين کوڕی صلاح) بووە, دوای ئەو (شمس الدين الاعوج)[ccvi].

وە خوێندنگای شامیەی جوانیە یەکیکی ترە لە کارەکانی ست شام لە نزیك بیمارستانی نوریەیە دروستکراوە، لە ساڵی (٦٢٨ك/١٢٣٠ز) بنیاتی ناوە، وەقفی ئاینزەی شافیعی کردووە. کۆمەڵێك کەس وەکو مامۆستا دەرسیان تیادا وتۆتەوە وەکو (شێخ تقی الدین کوڕی صلاح الشهرزوری، دواتر شمس الدینی عبدالرحمن المقدسی[ccvii]. لە (٥٨٠ ك/١١٨٤ز) ژمارەیەکی زۆر خانەی زانست و مزگەوتی تێدا بووە، دەتوانین بڵێین زۆربەی خوێندنگاکان لەو ماوەیەدا وەقف کرابوون بۆ وتنەوەی فیقهی شافعی و حەنەفی، یان هاوبەش بوون لە نێوان شافعی و حەنەفی، لەو کاتەدا خوێندنگا تەنها بۆ خوێندن نەبوو، بەڵکو زۆر کات شوێنێکیش بووە بۆ ناشتنی تەرمی وەقف کارەکانی, زۆر جار مزگەوتێکیش بۆ خوێندنگاکان دروست کراوە بۆ جێ بە جێ گەیاندنی ئەرکی نوێژ، لە ناو خوێندنگاکەدا شوێنی نیشتەجێ بوونی مامۆستا هەبووە، وە کتێبخانەیەکی ئاوەدان بە پەرتووکی بەنرخ هەبووە کە فێرخواز و مامۆستایان بەکاریان ئەهێنا، پەرتوکەکانیش لە خانەدا لەسەر ڕەفە ریکخرابوون بۆ ئاسان دۆزینەوەیان، بۆ فێرخوازیش تەمەنی دیاری کراو مەرج نەبوو بۆ وەرگرتنی، بەڵکو هەندێك لە واقیفەکان هەندێك مەرجیان دانابوو ناوەڕۆکەکەی ئەوەبوو کە فێرخواز توانای فێربوون و زیرەکی و لێهاتوویی هەبێت، فێرخواز بە قۆناغەکانی فێرکردن دا سەردەکەوت تا دواجار پسپۆڕی وەردەگرت لە یەکێك لە بوارەکان[ccviii].

## باسی دووەم: صفیە خاتون

ساحیبەی کچی مەلیك عادیل کوری نجم الدین ئەیوبی کوڕی شادیە، نازناوی ساحیبەی داپۆشراوی بەرزو گەورە و خاتونی دنیاو رۆژی دوایی بوو، دایکی عەزیزی حاکمی حەلەب، وە نەنکی الناصر سولتانی شام[ccix] لە قەڵای حلب لە دایك بووە لە ساڵی (٥٨٢ ك – ١١٨٦ ز)، باوکی سەرپەرشتی ئەو قەڵایەی دەکرد، پێش ئەوەی براکەی سەلاحەددین لێی وەربگرێتەوە، صفیە خاتون لە لای باوکی بە دەسپاکی ناسرابوو[ccx].لە دایك بوون و مردنی لە قەڵای حەلەب بووە، لە ساڵی (٦٠٩ ك /١٢١٢ ز) شوی کردووە بە ئامۆزاکەی (زاهیر غازی) کوری سەلاحەددینی ئەیوبی، صفیە خاتون لە بواری ئاواکاریدا رۆڵێکی دیاری هەبووە، شوێن دەستی دیاربووە، رولی هەبووە لە بواری سیاسی و ئاواکاری و خوێندنگا دروستکردووە وەکو خوێندنگای (فیردەوس)، ئەم خوێندنگایانە هۆکارێك بوون بۆ پێشکەوتن و گرنگی دان بە بواری خوێندن و ڕۆشنبیری وە هۆکارێکیش بوون بۆ زیاتر گرینگی دان بە لایەنی شارستانی[ccxi].

صفیە خاتون جگە لە لایەنی ئاواکاری لە لایەنی کارگێڕی و سیاسیش رۆڵی هەبووە لە دوای مردنی کوڕەکەی (عەزیز محمد) ناسراو بە (شهاب الدین طغرل بك – ٦١٢ك/١٢١٥ز) وە سێتی کرد ناسر یوسفی دووەم بێتە سەر دەسەلات[ccxii]،تەمەنی حەوت ساڵان بوو بۆیە نەنکی صفیە خاتون بوو بە سەرپەرشتی، هەرچەندە مەلیك کامل رکابەری ناسر یوسفی دەکرد بەڵام صفیە خاتون بۆ زیادکردنی سنووری دەسەڵاتی و هێزی خۆی بە ئاشکرا لە گەڵ سوڵتان کەیخوسرەوی سەلجوقی(٦٤٣ك/١٢٤٦ز) رۆمدا پەیمانێکی مۆرکرد، لە سکەو وتاری هەینی ناوی کەیخوسرەوی دانا، وە خوشکی ئەم سوڵتانەی بۆ مەلیك ناسری کوڕەزای خواست، بۆ زیاتر لێك نزیك بونەوەی هەردوولا، صفیە خاتون لەو شەڕانەی لە نێوان خوارزمیەکان و کاربەدەستانی ئەیوبی روویداوە رۆڵێکی زۆری هەبوو چونکە سەرپەریشتیار بووە بەسەر ناسر یوسف و بەژدار بوو لە دارشتنی پلانی ڕوبەڕوو بونەوەی دوژمن، لەدوای چەند مانگێك دوای ئەم هێرشە صفیە خاتون مرد لە رۆژی جومعەی جمادی یەکەمی ساڵی (٦٤٠ ك/١٢٤٢ز) لە ناو قەڵای حەلەب لە پێش کوڕەکەی کە مەلیك (عەزیزە) نێژراوە، لە دوای مردنی صفیە خاتون خەلیفەی عباسی نازناوی سوڵتانی بەخشی بە ناسر یوسف[ccxiii].

خوێندنگای (فیردەوس) ساڵی (٦٣٣ك/١٢٣٥ز) یەکێکە لە مەزنترین خوێندنگاکانی وولاتی شام لە لایەن صفیە خاتون بنیات نراوە، کەبۆتە جێگای دیدەنی بۆ رێبواران، وە هەستاوە بە پێکهێنانی دەستەیەك بۆ سرود گوتن، خوێندنگای فیردەوسیە بەڵگەیەکی روونە لەسەر بەژداری کردنی ئافرەت لە دروسکردنی شارستانیەتی ئیسلامی[ccxiv]. ئەم خوێندنگایە صفیە

خاتون وەقفی کرد بۆ شافعیە وە بریاری دا کە ببێت بە خوێندنگا و مزگەوت و ریباگ و لە ساڵی (٦٣٣ک/١٢٣٥ز) وەقفی زۆر بو دانا وە زۆر ماموستای بەناوبانگی بۆ دانا لە گەل ژمارەیەك خوێندکاری قورئان خوێنان و فوقەها[ccxv].

## باسی سێیەم: ڕەبیعە خاتوون

کچی نجم الدین ئەیوبی کوڕی شادیە، خوشکی سوڵتان سەلاحەددینە، ڕەبیعە خاتوون شوی کردووە بە سەرکردە سعددین مەسعودی کوڕی معین الدین[ccxvi] (٥٨١ک/١١٨٥ز) کە یەکێك بووە لە سەرکردەکانی سوپای ئەیوبی لە سەردەمی دەستەڵاتداریەتی سوڵتان سەلاحەددین[ccxvii]، دوای مردنی ئەم هاوسەرەی، ڕەبیعە خاتون شوی بە مظفر الدین کۆکبری[ccxviii] کرد کە دەستەڵاتداری هەولێر بوو، بۆ ماوەی (٤٠ ساڵ) لە گەڵ ئەم هاوسەری ژیاوە تا کۆتایی ژیانی لە گەڵی ماوەتەوە[ccxix]. پاشان بۆتە خزمەتکاری دایکی لەتیفی کچی ناصح الحنبلی(٦٣٤ک/١٢٣٦ز)، لەوێ ماڵی موڵکێکی زۆری دەست کەوتووە، وە سامانەکەی پێشکەشی قوتابخانەی حەنبەلیە کردووە، دواتر شوی بە مەلیك ئەشرەف[ccxx] کردووە کە خاوەنی حمص بووە، لە ساڵی (٦٥٣ ک/١٢٥٥ ز)، ئەو سامانەی لە دیمەشق هەیبووە گەیشتوبووە (٦٠٠) هەزار دینار. ڕەبیعە خاتون لە دیمەشق کۆچی دوایی کردووە، لە تەمەنی (٨٠) ساڵی بەرەو سەرەوە لە قاسیون[ccxxi] نێژراوە. ئەم خاتونە ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لە بنیاد نانی شارستانی و پەرەپێدانی لایەنی ڕۆشنبیری لە سەردەمی دەوڵەتی ئەیوبی، بەڵگەش بۆ ئەو قسانەم دروستکردنی خوێندنگای (صاحبیە) یە کە چەندین کەسی بەتوانای تێدا پێگەیشتووە[ccxxii].

ئەم خوێندنگایە لە ساڵی (٦٢٨ ک /١٢٣٠ ز) دروستی کردووە.دەکەوێتە ڕۆژئاوای قوتابخانەی روکنیە لە گەڕەکی ڕوکنەدین، ئەم قوتابخانەیە وەقف کرا بووە سەر حەنابیلەکان[ccxxiii]، خوێندنگای صاحبیە لە باشترین خوێندنگاکان بووە، هۆڵی فراوانی تێدابووە، وە پێش هەیوانی بۆ کراوە دوو پەنجەرەی تێدا بووە، کە دەیانڕوانیە لای سەرەوەی خوێندنگاکە، هەروەها دوو هۆڵی تری هەبووە لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای خوێندنگاکە. ئەو دوو هۆڵە دوو هەیوانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای هەبووە، لە هەیوانی ڕۆژهەڵات پەیژەیەك هەبووە، لە خوار پەیژەکە حەوزێکی ئاو هەبووە، ئەم خوێندنگایە چەندین پەنجەرەی هەبووە، هەندێکیان لە سەحنی خوێندنگاکە و هەندێکی تریان لە ڕووی ڕێگاکەوە، ئەم خوێندنگایە دەرگایەکی گەورەو دیاری کراوی هەبووە، بە شێوەیەکی زۆر جوان نەخشێنرابووە[ccxxiv].

## باسی چوارەم: عیصمەت خاتوون

عصمەت خاتون کچی معین الدین[ccxxv] بووە کە فەرمان ڕەوای دیمەشق بوو، خێزانی نورەدین محمود بووە، لە دوای مردنی نورەدین لە ساڵی (٥٦٩ ک /١١٧٣ ز) هاوسەرگیری لە گەڵ سەلاحەددین کردووە لە ساڵی (٥٧٢ ک /١١٧٦ ز)[ccxxvi]. ئەم خاتوونە وەکو خاتونەکانی تری بنەماڵەی ئەیوبی کە لە پێش ئیستا ئاماژەمەن بە هەندێکیان کرد ڕۆڵێکی گەورەیان بینیوە لە ڕووی ئاینی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسی، لە بەتواناترین خاتونەکانی سەردەمی ئەم بنەماڵەیە بوون[ccxxvii]، عصمەت خاتون لە ڕووی سیاسی یەوە کاری دەکرد بۆ ڕێکخستنێکی تەواو توند و تۆڵ، لە هەمان کاتدا کەسێکی بەخشندە بووە بە رامبەر بە خێزانەکەی، خاتونێکی بە وەفا بووە، خاوەنی زۆرێك لەو ناوچانە بووە کە ڕزگار بوون لە دەستی دوژمن، وە (حماە)ی بەخشیوە بە شهابەدینی خاڵی، (حمص)ی بەخشیوە بە ناصرەدینی ئامۆزای دانیشتوانی ئەم ناوچانە سودمەند بوون لە ژێر دەستی ئەودا، بۆ دابینکردنی هەموو پێداویستیەکانی خەڵك ئامادەبوو هاوکاری خەڵکەکە بکات، بۆ پارێزگاری کردن لە ناوەندی دەستەڵاتی بنەماڵەی ئەیوبی و سەرخستنی بەسەر دوژمنەکانیدا، سور بوو لەسەر ئەنجامدانی هەر کارێك کە سودی هەبوایە بۆ خەڵك و دەستەڵاتی سیاسی بنەماڵەی ئەیوبی[ccxxviii]، ئەم خاتونە

خزمەتێکی زۆری بەبواری ڕۆشنبیری و خوێندن و خوێندەواری کردووە لە ڕێگای ئەو خوێندنگا و دامەزراوانەی دروستی کردوون وەکو خوێندنگای (خاتونیە)، وە چەندین خانەقاو حەمامی دروستکردووە، خوێندنگای خاتونیە جوانیە کە لە لایەن ئەم خاتوونەوە دروست کراوە لە ساڵی(٥٧٣ ك /١١٧٧ ن) تەواو بووە[(ccxxi x)]. لە لایەن سعد الدین (٥٨١ك/١١٨٥ز) برایەوە سەرپەرشتی کراوە، دواتریش لەلایەن نەوەکانی ئەوان بەڕێوەبراوە، دامەزرێنەری ئەو خوێندنگایە شارەزابووە لە نەخشە کێشانی خوێندنگا، جگە لەم ئەم خوێندنگایە خانەیەکشی دروستکردووە، هەردووکیانی بە ناوی خۆیەوە ناوناوە، خوێندنگاکە لە ناوەوەی دیمەشق بووە، لە شەقامی (الحجر الذهب) نزیك حەمامی چەرکەسی، بەڵام خانەکە لە دەرەوەی باب النصر بووە لە سەر دەریای بانیاس[(ccxxx)]. یەکێ لەو مامۆستایانەی دەرسی تیا وتۆتەوە باوکی بووە بە ناوی (حجە الاسلام) دواتر (فخرالدین الحواری) و کۆمەڵێك زانای تر، دامەزرێنەری ئەم خوێندنگایە لە دیمەشق لە مانگی ژی القعدی ساڵی (٥٨١ك/١١٨٥ز) مردووە، سەڵاحەددین لەو زەویەدا ناشتی کە بۆیان دیاری کردبوو لە بناری قاسیون لە گۆڕەستانی چرکسیە. لێرەدا دەردەکەوێ کە خاتونەکانی ئەیوبی رۆڵێکی بەرچاو و کاریگەریان هەبووە لە بیناکاری و شارستانی بەتایبەت لە دیمەشق، لەماوەی حوکمی ئەو بنەماڵە کوردە، وە شان بەشانی پیاوان وەستاون و بەژداریان کردووە لە کاری سیاسی[( ccxxxi)].

## دەرئە نجامی تویژینەوە:

١- لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیەدا توێژەر بۆی دەرکەوت کە زانست و جوڵانەوی هزری ئامانجێکی سەرەکی موسڵمانەکان بووە بەدرێژایی سەردەمە جیاوازەکان چی بەتاك یاخود بەکومەڵ، لەلایەن خەڵکی ئاسایی یان فەرمی بوو بێت، سەرەرای بوونی کەموکوڕی لە پێگەی ڕامیاری ئەو سەردەمانەدا.

٢- راستیەکی حاشەهەڵنەگرە کە لە ناو دەسەڵاتدارانی موسڵمانەکان نمونەی زۆر نایابیان تێدا بووە کە زۆر بە خەمی پەرەپێدانی لایەنی رۆشنبیری بوونە ئەم خەم خۆریە دوو ئاراستەی وەرگرتبوو یەکێکیان هەوڵدان بووە بۆ خۆ رۆشنبیر کردن و پێگەیاندی توانای مەعریفی خۆیان چی بە خوێندنەوە یان بە هاودەمی کردنی زانا و مامۆستا پایەبەرزەکانی سەردەمی خۆیان یان بە بەشداری کردن لە کۆڕو کۆبوونەوەی زانستی بووبێت، ئەم دیاردەیە لەناو خەلیفەکانی عەبباسی زۆر بە ڕوونی دیار بووە.

٣- ئەیوبیەکان ئەو هۆزە کوردە بوون کە توانیان لەناو کێشمەکێشی سەدەکانی ناوەڕاست لە ناوچەیەکی ئاڵۆزو پڕ لە کێشەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست جێ پێێ خۆیان بکەنەو دەسەڵاتی ئەو ناوچە گرنگ بگرنە ئەستۆ کە بریتی بوو لە وڵاتی

شام و میسر و یەمەن وبەشێك لە باكوور و باشووری كوردستان، بۆ ماوەی سەدەیەك حوكمی تێدا بكەن و رۆڵێكی سیاسی و شارستانی مەزن بگێڕن سەرەڕای بوونی كەمو كورتی لە پێگەی سیاسیدا بەتایبەتی دوای مردنی سەلاحەددین بوونی جێنشینەكانی بە سوڵتان و دەسەڵاتدار.

٤- ئەوەی شایانەی باسە ئەوەیە كە زۆربەی سوڵتانەكان و كەسایەتیەكانی بنەماڵەی ئەیوبی لە ئاستێكی بڵندی رۆشنبیریدا بوون، كە بابەتی ئەم توێژنەوەیە، وە لەم بوارەدا ئەمانە لە پێشەنگدا بوونە لە چاو میرو دەسەڵادارەكانی هاوسەردەم و دوای سەردەمی خۆشیان لە جیهانی ئیسلامی لە سەدەكانی ناوەڕاست، ئەوەی مەبەستمانە دیاری كردنی ئاستی رۆشنبیری تاكیە، زۆر جار ئیمە دەخوێنینەوە و یان لیكۆڵینەوەی لە سەر كراوە باسی لایەنی شارستانی و بە تایبەتی لایەنی زانستی و بنیاد نانی دامەزراوەی فێركاری كراوە، بەڵام بە تایبەتی بە وەردی باس لە ئاستی ڕۆشنبیری سوڵتانەكان و حەزوخولیاكان و بەرهەم و بەشداریان لە گفتوگۆ و ڕووبەڕووبونەوە زانستیەكان و چەندها چالاكی تر كە گرنگی پێنەدراوە.

٥- ئەوەی شایەنی باسە ئەوەیە كە لە نێو ئەندامانەی ئەم بنەماڵەیە زانا و مێژوو نووس و شارەزای جوگرافیا و زماندۆست و نەحوی و شاعیر و ئەدیب دۆست دەركەوتووە، سەرچاوە مێژوویە هاوچەرخەكانی ئەو سەردەمە ئاماژەیان پێ كردووە و تەنانەت هەندێك لە بەرهەمەكانی بنەماڵەی ئەیوبی بە سەرچاوەی گرنگی مێژووی و جوگرافی و ئەدەبی دادەنرێت.

٦- لە لایەكی ترەوە ئەو پەیوەندیە پتەوەی نێوان سوڵتانەكانی ئەیوبی و زانایان بە ڕوویەكی گەشی ئاستی رۆشنبیریان دادەنرێت، زۆرێك لە سوڵتان و كاربەدەستانی ئەیوبی دەوری خۆیان بە كۆمەڵێك زانای ناودار دابوو ئەمانە ڕۆڵیان هەبوو لە یەكەم بەرزكردنەوەی ئاستی زانیاری تاكەكانی بنەماڵەی ئەیوبی و كاریگەریەكی مەزنیان لە سەر ئاستی رۆشنبیریان دروست كرد، وە لە لایەكی ترەوە ئەمانە هۆكار بوون بۆ بەدەسهێنانی سەركەوتنی گەورەی ئەیوبیەكان لە زۆربەی لایەنەكان بە تایبەتی لە سەر لایەنی زانستی.

٧- هەروەها ڕوویەكی تری رۆشنبیری تاكەكانی بنەماڵەی ئەیوبی دەسكراوەییان بووە لە خەرج كردنی سەروەت و سامانیان لە پێناو پەرپێدانی لایەنی زانستی و خزمەتكردنی زانا و خوێندكارەكانی دامەزراوە فێركاریەكان، سەرەڕای بنیادنان و نۆژەن كردنەوەی چەندین دامەزراوەی فێركاری، ئەو دامەزراوانەی كە هۆكار بوون بۆ پێگەیاندنی چەندین كادری چالاكی بوارە جۆربەجورەكان، كە خزمەتێكی زۆریان بە دامودەزگاكانی دەوڵەتی ئەیوبی دواتریش دەگەیاند.

## **پەراوێزەكان:**

([i]) رەوادی: ئەمانە دەگەڕێنەوە سەر هۆزی هەزبانی كوردی، لەنیوەی یەكەمی سەدەی (٤ ك واتا ١٠ز)، میرنشینێكی سەربەخۆیان دامەزراند (محمد كوری حسێنی ڕەوادی) لە ساڵی (٣٤٣ك /٩٥٤ ز)، دەسەڵاتی بەرەو ئازەربیجان درێژكردەوە. المقریزی، السلوك، ج١/ص١٤٩“ ابن تغری بردی، النجوم الزاهرە، ج٦/ص١٣–١٣“ نیشتیمان بەشیر محمد، كوردو سەلجوقیەكان، وەرگێڕانی ئیدریس عبدولاّ مستەفا، چ ٢، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٦، لا ٢٤ — ٢٥.

([ii])هەزبانیەكان زانیاری كەمە دەربارەیان تا ساڵی (٤٢٠ك/١٠٢٩ ز) مێژووەكەیان نادیارە، شاری ئەربڵ پایتەختیان بووە، چونكە تا سەدەی (٥ ك) لەو ناوچەیە نیشتەجێ بوون، لەسەر دەستی ئەتا بگ (عیمادەدینی زەنگی) میرنشینەكە ڕوخاوە.ابن الاثیر، الكامل ڤ التاریخ دارالكتاب العربی،بیروت ،ج٨/ص٢٨٤.

([iii]) دوين: شارێکە لە دەوروبەری ئاران لە کۆتایی سنوری ئازەربایجان لەنزیك تەفلیس، شهاب الدين أبى عبدللـه يـاقوت الحمـوى، معجـم البلـدان، ط٢، دار صادر، بيروت، ١٩٩٥،مج ٢،ص٤٩١.

([iv]) ابن الأثير،الكاملي التاريخ، ج١٠ /ص ١٦.

([v]) ابن الأثير، الكاملي التاريخ، ج١٠ /ص ١٦"شهاب الدين ابو محمد عبد الرحمن المقدسي أبو شامة، الروضتين فى الاخبار الدولتين (النورية والصلاحية)، تحقيق محمد حلمي ومحمد مصطفى زيادة، ١٩٦٢م،ج١ /ص٤٠٣-٤٠٤"ابى العباس أحمد بن محمد ابن خلكان، وفيات الأعيان وانباء ابناء الزمان،ط ١،دارالكتب العلمية، بيروت، ١٩٩٨،ج١ ص ٢٥٥ – ٢٥٦ .

([vi]) ابى العباس أحمد بن محمد ابن خلكان، وفياتا لأعيان وانباء ابناء الزمان، ط ١، دار الكتب العلمية، بيروت، ١٩٩٨،ج١ ص ٢٥٥ – ٢٥٦ .

([vii]) الملـك الأمجدالأيوبي،نسـب الأيـوبيين، تحقيـق صـلاحالدين المنجـد، بـيروت، ص ٤٧ " عبـد المـنعم ماجـد، الدولـة الأيوبيـة فـى تـأريخ مصرالاسلامى، دارالفكر العربى، د.م، ١٩٩٧، ص٧٥.

([viii]) الحموى، معجم البلدان، مج ٢،ص٤٩١ -٤٩٤.

([ix]) الحموى، معجم البلدان، ج ٢، ص ٤٩١.

([x]) ابن تغري بردي ، النجوم الزاهرة ، ج٦/ص١٢" ماجد، الدولة الأيوبية، ص٧٦.

([xi])إبن الأثير، الكامل فى التأريخ، ج ١٠، ص ١٦.

([xii]) إبن خلكان، وفيات، مج ١، ص ٢٦٠.

([xiii]) إبن الأثير، الكامل، مج ١٠، ص ١٦.

([xiv]) نورەدین محمود:ناوی ابوالقاسم محمود کوری عمادالدين زەنگیە ناسرابوو بە مەلیك عادیل نورالدين لەسالی ٥١١ك /لە دایکبووە، دوای مردنی باوکی دەستی گرت بەسەر حەلەب و دەوروبەری وەپاشان توانی دیمەشق تەواوی شام بخاتە ژێر دەسەڵاتی ، پاشایەکی لەخواترس و بەدین بوو زۆر حەزی بەکاری چاکەدەکردوە چەندین قوتابخانەی دروستکردووە لە ولاتی شامدا، لەسالی ٥٦٩ك/ مردووە. ابن خلكان، وفيات، ج ٥، ص ١٨٤-١٨٧.

([xv]) ابن الأثير، الباهر، ص ١٤٠" ابنشداد، النوادر السلطانية، ص ٤٠" ابن واصل، مفرج الكروب،جـ ١،ص ١٦٤، ١٦٥"ابن أيبك الصَّفَدي: الوافي بالوفيات جـ ١٦ ص ٩٧.

([xvi])ابنشداد: النوادر السلطانية ص ٤٠" أبو شامة، الروضتين فى الاخبار الدولتين ، ج٢/ص ٦٤-٦٨"الصفدي،الوافي بالوفيات جـ ١٦/ ص ٢١٥.

([xvii]) إبن الأثير، الكامل، مج ١٠/ص ٣٥"الذهبي، سير اعلام النبلاء،ج١٥/ص ٢١٠-٢١٥.

([xviii]) إبن الأثير، الكامل، مج ١٠، ص٥٥-٥٨، ٦٥.

([xix])کەرەك: وشەیەك ی ئەعجەمیە ناوی قەڵایەکی قایمە لە دەوروبەری شام بە رووی شاخی (البلقاو) کەوتۆتە نێوان (ایلەو دەریای قلزم و بیت المقدس) لەسەر چیایەکی بەرزە چەند دۆڵێك دەوری داوە.الحموى، معجم البلدان، ج٤، ص٤٥٣.

([xx]) الاصفهاني، الفتح القسي، ٤٥-٥٩" ابن الاثير ، الكامل في التاريخ ،ج١٠/ص١٤٦-١٦٣، احسان عباس، تاريخ بلاد الشام في عهد الاتابكة والايوبيين ، دائرة المكتبة الوطنية ، عمان، ١٩٩٨، ص١٧٧-١٩٧.

([xxi]) ئارشاك سافریستیان، کورد و کوردستان، وەرگێرانی: أمین شوان، لە هارڤەر چاپ کراوە، هوڵەندا، ١٩٤٨، لا٥٥.

([xxii]) بە واتای سەرووەی شام دێت، شارێکە لە شام کەوتۆتە سەر کەناری دەریای لە نێوان غەزەو بەێت جەبرین وە پێی وتراوە بوکی شام. الحموى، معجم البدان، ج٤، ص١٢٢.

([xxiii]) ابن الاثير ، الكامل في التاريخ ،ج١٠/ص١٤٦-١٦٣ " قەفتان، مێژووی گەلی کورد، لا ١٨٨.

([xxiv]) ابن الاثير ، الكامل في التاريخ ،ج١٠/ص١٨٣" عباس، تاريخ بلاد الشام ، ص٢٠٥-٢١٩ ؛ جڤری برۆن، پوختەی مێژووی ئەوروپا، وەرگێرانی: نیهاد جلال حبیب الله، چ ١، ب – چ، ٢٠٠٩، لا٢٥١.

([xxv]) ابن الاثير، الكامل في التاريخ،ج١٠/ص١٨١-٢٠٤،١٩٩-٢١٨" عباس، تاريخ بلاد الشام ،ص ١٩٧ – ٢٢٦.

([xxvi]) ابو شامة ،الروضتين في اخبار الدولتين،ج٣/ص٣٣٢-٣٣٥" الصفدي ، والوافي بالوفيات ، ج٢٩/ص٤٨-٦٦.

([xxvii]) إبن خلكان، وفيات الاعيان، ج/ص٤٠٦-٤١١"عباس ، تاريخ بلاد الشام ،٢٤٠-٢٤١.

([xxviii]) إبن خلكان، وفيات الاعيان، مج ٤، ص ٣٣٤.

([xxix])موسى مصطفى الهسيانى، السنوات الاخيرة من حياة دولة الكورد الايوبية فى مصر وبلاد الشام، ط ١، مديرية مطبعة الثقافة، أربيل، ٢٠٠٧، ص ١٨٠.

([xxx])محمد الصادق العفيفي، تطور الفكر العلمي عند المسلمين، مكتبة الخانجي، القاهرة، ص١٦–١٧، ٤٧–٤٨، ٥٤=٥٨.

([xxxi])گقوش، پوختەی، ل١٨٥.

([xxxii])موعتەزیلەکان: ئەوانە لێکۆڵینەوەی ئوصولی دین و بیروباوەریان دەکرد لەم بوارەدا زیاتر عەقڵیان حوکمی بەسەردا دەکردن، دواتر گەیشتنە هەندێك بیروڕا کە جیاواز بوون لە بیروڕای خەڵك کە یەکەم جار ئەم جیاوازیە لە (بصرە)دا دەرکەوت دواتر لە (بغداد)، گرنگترین ئەو بوارانەی کە جیاوازیان هەبوو لەسەریان مەسەلەی قەدەرو کردوەی بەندەکانە کە دەیان ووت کردەوەی بەندەکان دروستکراوی خۆیانە نەك خودا، کە ڕای گشتی وابوو کە دروستکراوی خودایە، لەگەڵ ئەوەشدا جیاوازییان هەبوو لەسەر سیفەتەکانی خودا،عبد اللطيف بن بد القادر الحفظي، تاثير المعتزلة في الخوارج والشيعة، دار المعرفة، بيروت، ٢٠٠٥، ص١٣–٩٦،٣٠–١٩٧.

([xxxiii]) حسن، تاريخ الاسلام، ج٢، ص٢٨٣–٢٨٥.

([xxxiv])کۆبوونەوەی زانایان بوو کە گفتوگۆیان دەکرد لەسەر ئەو ڕا جیاوازانەی کە سەریان هەڵدابوو کە هەوڵی لادانی ئەم ڕایانەیان دەدا بەتایبەت هەندێ دەستە پێیان وابوو کە قورئان دروستکراوی خودایە، ئەمەش لە قورئان و سونەتدا هەیە، علی إبراهيم حسن، التأريخ الإسلام (الجاهلية– الدولة العربية– الدولة العباسية)، ط١،دار الاندلس الخضراء، القاهره،الجدة،٢٠٠٠، ص٤٠٨.

([xxxv])علي إبراهيم، التأريخ الإسلام، ص٤٠٨.

([xxxvi])کاوە فرەج سعدون، ڕۆڵی پڕشنگداری زانا مسوڵمانەکان لە پێشکەوتنە زانستیەکان، چاپ و پەخشی نوسەر، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل٣٦٨–٣٦٩.

([xxxvii])بروانة محمد بن اسحاقبن محمد ابن النديم، الفهرست، بيروت، مكتبة خياط، ١٩٦٤.

([xxxviii]) منير سعد الدين ، المدرسة الاسلامية في العصور الوسطى ، المكتبة العصرية ، بيروت ، ١٩٩٥، ص١٦–١٧.

([xxxix]) كامل جميل العسلي، الأوقاف والتعليم، المجمع الملكي لبحوث الحضارة الإسلامية، د.ت، ١٢٩/٣.

([xl]) احمد احمد بدوي، صلاح الدين الايوبي بين شعراء عصره وكتابه، دار القلم، القاهرة، ١٩٦٠، ص٢٩–٣٩.

([xli])احمد خليل،تاريخ الكرد في الحضارة الاسلامية، ط١، دار هيرو ، بيروت، ٢٠٠٧،ص٣٠٨–٣٠٩ .

([xlii]) درية عوني والاخرون، الاكراد في مصر عبر العصور، ط١،،القاهرة،٢٠١١،ص٤٦–٤٩.

([xliii]) احمد بدوي، الحياة العقلية في عصر الحروب الصليبية بمصر والشام، القاهرة،د,م.ت،ص٥–١٠.

([xliv]) خليل، تاريخ الكرد في الحضارة الاسلامية،٢٩٣ –٣٠٦.

([xlv])حسن ابراهيم حسن، تاريخ الاسلام السياسي والديني والثقافي والاجتماعي،ط١٤،مكتبة النهضة المصرية،القاهرة،١٩٩٦، ج٤/ص١٠١–١١٢.

([xlvi])الاصفهاني، الفتح القسي،٦٥–٦٩.

([xlvii]) خليل ، تاريخ الكرد في الحضارة الاسلامية،ص٢٩٣،٢٠٣–٣٠٦.

([xlviii])سعد الدين ، المدرسة الاسلامية ، ص١٢–٣٩.

([xlix]) ابن جبير، الرحلة ابن جبير، ١٩٨.

([l])ابن الاثير،الكامل،جـ١٠/ص٩" المقريزي، الخطط،جـ٢/ص٣٦٢" السيوطي، حسن المحاضرة،جـ٢/ص١٨٤–١٨٥.

([li])هاملتون جب، دراسات في حضارة الاسلام، ترجمة: احسان عباس وآخرون، ط٢، دار العلم للملايين،بيروت، ١٩٧٤، ص٣٠.

([lii]) عطا عبد الرحمن محى الدين، ئەسەدین شێرکۆ ژیاننامەی و ڕۆڵی لەشەری خاچپەکان دا، چ١، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ڕۆشنبیری بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی، ٢٠٠٣، ل ٧٢.

([liii])الاصفهاني، الفتح القسي، ص٨١–٨٢" الصفدي، الوايب الوفيات،ج ٢٩/ص٥٩ ٦٤" اکو برهان محمد، ڕۆڵی زانستی سەلاحەدین و ڕۆلی لە گەل زاناکان، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژمارە٢، هەولێر، ٢٠٠٤، ل ١١٠.

([liv]) خليل، تاريخ الكردفي الحضارة الاسلامية، ص٣٠٧–٣١٠.

([lv])حسن، تاريخ الاسلام السياسي ، ص٤٠٤.

([lvi]) خليل، تاريخ الكرد في الحضارة الاسلامية،ص٢٩٦.

([lvii]) العبادي،فيتاريخالايوبيينوالمماليك،ص٩٩ .

([lviii]) بروانة : ناصر داود بن يسى ، الفوائد الجلية في الفرائد الناصرية،مطبعة الشؤون الثقافية ، بغداد ،١٩٩٠.

([lix]) بروانة: محمد بن تقي الدين عمر بن شاهنشاه ، مضمار الحقائق وسر الخلائق ، ت: حسن حبشي ، عالم الكتب ، القاهرة ، ١٩٦٨.

([lx]) بروانة: عماد الدين اسماعيل بن علي أبي الفداء، المختصر في أخبار البشر، ط١، (القاهرة: المطبعة الحسينية، ١٣٢٥هـ).

([lxi]) ابن شداد، النوادر، ص٣١-٣٧ " التكريتي، الايوبيون،ص١٠١-١٠٢.

([lxii])ابن خلكان، وفيات الاعيان،٣/٥٣-٥٤.

([lxiii])ابن شداد، النوادر، ص٣٧،٣٣.

([lxiv])ابن خلكان، وفيات الاعيان، ٤ج/ص٢٣٩-٢٤٠"حسين: موسوعة،٢٧١.

([lxv]) النوادر السلطانية، ،ص٣٣.

([lxvi]) ابن واصل، مفرج الكروب ، ج٢،ص٥٥-٥٦" السبكي، طبقات الشافعية الكبرى، ج٤، ص١٩٥" المقريزي، السلوك، ج١،ص١٧٣-١٧٤.

([lxvii]) السبكي، طبقات الشافعية الكبرى، ج٤، ص١٩٥" المقريزي، السلوك ، ج١،ص١٨٧..

([lxviii]) ابن قاضي شهبة،طبقات النحاة واللغويين، ص١١٦.

([lxix])ابن قاضي شهبة، المصدر نفسه.

([lxx]) ذيل مرآة الزمان، ج١،ص٧١.

([lxxi]) السبكي، طبقات الشافعية الكبرى، ج٤، ص١٩٥" ج٧،ص١٢١-١٢٢.

([lxxii]) البداية و النهاية، ج١٢،ص٤٠٣-٤٠٤.

([lxxiii])ابن تغري بردي، النجوم الزاهرة، ج٦/ص١٥٧.

([lxxiv])الروضتين،ج٤،ص١٢.

([lxxv]) عاشور، مصر والشام، ١٠٧.

([lxxvi]) عماد الدين الكاتب، الفتح القسي، ص٨١-٨٢.

([lxxvii])ابن خلكان، وفيات الاعيان،ج٧،ص٢٠٦-٢٠٧.

([lxxviii]) الحنبلي، شفاء القلوب، ص١٨٨-١٩٠.

([lxxix])المقريزي، السلوك، جـ١/ص١٧٣.

([lxxx]) عباس ، تاريخ باد الشام، ٢٨٠-٢٨٤.

([lxxxi]) ابن شداد، النوادر، ص٣٥٤" البنداري، سناء البرق،٢٩٩.

([lxxxii]) لبگريرك القدس: ئەو نازناوە و پێگەیە بوو کە سەرۆکی ئەسقوفیەکانی قودس هەیبوو. عبد المنعم ماجد، الدولة الايوبية في تاريخ مصر الاسلامية، دار الفكر العربي، القاهرة،١٩٩٧،ص١١١.

([lxxxiii]) ابن الاثير، الكامل،١٠/١٤٨" ابن واصل، مفرج الكروب، ج٢/ص٢٣٠.

([lxxxiv])ابن خلكان، و في اتالاعيان،ج٣،ص٢٥١،ابن تغرى بردي،النجومال زاهرة،ج ٦،ص١٢٧" النعيمي، الدارس،ج١،ص٣٨٧.

([lxxxv])ابن ابي اصيبعة،عيون الانباء،ص٦٨٨.

([lxxxvi])ياقوت، معجم الأدباء، ج٨، ص١٠٥" السيوطي، بغية الوعاة، ج١،ص٥٠٢-٥٠٣.

([lxxxvii])المقريزي، الخطط، ج٢، ص٨٣.

([lxxxviii])الذهبي،سيراعلام،ج٢١/ ص٢٩٤" النعيمي، الدارس، ج١/ص٣٨٧.

([lxxxix])أبو الحسن علي بن موسى بنسعيد الأندلسي،الغصون اليانعة في محاسن شعراء المائة السابعة، تحقيق ابراهيم الأبياري، ط٢،القاهرة، دار المعارف، ١٩٥٤م، ص١٤.

([xc])ابن خلكان، وفي اتالاعيان، ج٣،٤١٩-٤٢١.

([xci])ابو شامة، الذيل، ص٩٤" ابن واصل، مفرج الكروب، ج٢/ص١٧٨-١٨٠" ابن خلكان، وفيات الاعيان، ج٤،ص٦-٩.

([xcii])ابن كثير، البداية والنهاية، ج١٣/ص٨٤،٧١-٨٥.

(xciii)ابن الاثير، الكامل،١٠/٣٦٩.

(xciv)ابن خلكان، وفيات الاعيان،٧/٨٩.

(xcv) الصفدي، الوافي بالوفيات، ج٢٠/ص١٦٣.

(xcvi) سبط ابن الجوزي، مرآة الزمان، ٨-٢/٧٤٥.

(xcvii) المقريزي، السلوك، ٤١٧/١،٤٠٧.

(xcviii) ابن تغري بردي، النجوم الزاهرة، ٣٢٢/٦.

(xcix) النجوم الزاهرة، ١٦٣/٦.

(c) الصفدي، الوافي بالوفيات،ج١،ص١٩٤.

(ci) المقريزي،الخطط،ج٢،ص٣٦.

(cii) صارم الدين ابراهيم بن محمد بن آيدمر العلائي المعروف بابن دقماق، نزهة الانام في تاريخ الإسلام، تحقيق سمير طبارة، المكتبة العصرية، بيروت، ١٩٩٩م، ص١٢٠" النعيمي،الدارس،ج١،ص٣٥٩.

(ciii) ابن الوردي، تاريخ بن الوردي،١٦٥/٢.

(civ) ابو شامة ، الروضتين ، ج٢/ص٢٦٤ " الذهبي ، تاريخ الاسلام ،ج٣٩/ص٤٧ ، ج٤٤/ص٨.

(cv) خليل،تاريخالكردفيالحضارةالاسلامية،ص٣٠٨-٣١٠.

(cvi) الغساني، العسجد، ج٢/ص٤٢٨.

(cvii) ابن تغري بردي، النجوم الزاهرة، ج٥ /ص ٢٦٧.

(cviii) ابن قطلوبغا، تاج التراجم، ص٦٩.

(cix) ابن واصل، مفرج الكروب، ج٤، ص٢١٠"  الغساني، العسجد، ج٢، ص٤٢٨.

(cx)  ابن واصل، مفرج الكروب، ج٤، ص٢١٠.

(cxi) ابو الفداء، المختصر، ج٣/ص١٣٨ " ابن الوردي، تاريخ، ج٢/ ص٢١٣.

(cxii)ناوی (زيد بن الحسن بن زيد البغدادی) يە يەكێكە لە ناودارترين زاناكانی سەردەمی خۆی لە زمان و نەحو و شێخی حەنەفيەت خويندنەوە بوو ە شام، لە ديمەشق مردووە، ئەم زانايە لەلای بنەماڵەی ئەيوبی جگايەكی بەرزی هەبوو بە تايبەتی لە لای مەليك موعەززەم عيسى. الحموی،معجم الادباو، بيروت، دار المستشرق، د.ت، ج١١، ص ص ١٧٠ - ١٧٦" جمال الدين ابی الحسن بن علی القفطي: أنباه الرواه على انباه النحاه، تحقيق: محمد ابو الفضل ابراهيم، القاهره، مطبعة دار الكتب المصريه، ١٩٥٢، ج٢، ص١١).

(cxiii) سيبەوەی: ناوی عومەر كوڕی عوسمانی كوڕی قەنبەر ی الحارسيه كونيەكەی ابوبشر بوو، نازناوی سيبەوەی بوو لە گوندی بەيزای وولاتی فارس لە دايكبووە،زانايەكی گەورەی نەحو بوو بە يەكەم كەس دادەنرێ كەزانستی نەحوی دارشتەوە. الذهبي، سيراعلام، ج٨/ص٣٥١-٣٥٣.

(cxiv)  الحنبلي، شفاء القلوب، ص٢٧٦.

(cxv) الزمخشری: ناوی ئەبوقاسم مەحمود كوڕی عومەر الخوارزمی الزمخشريە، لە زمەخشەر لەجرجانيەی خوارزم لەداێكبووە، زۆر شارەزابووە لەبواری ئەدب زۆرێك لە زاناكان لەژێردەستی ئەم زانايەفێربوونە، هەڵگری بيری موعتزيلەبووە. الذهبي، سيراعلام النبلاء،ج٢٠/ص ١٥١-١٥٢.

(cxvi)سبط ابن الجوزي، مرآة الزمان، ج٨، ق٢، ص٦٤٨.

(cxvii) مرآة الزمان، ج٨، ق٢، ص٦٤٨.

(cxviii)عاشور،الايوبيون والمماليك في مصر و الشام،ص١٣٩-١٤٦.

(cxix)ناوی ئەبو حەنيفەی نعمانی كوری سابتی الكوفيە، فەقی و زانايەكی بەناوبانگ بووە، يەكێكە لەچوار ئيمامەكە لە لای ئەهلی سونە ئاينزەكان، خاوەنی ئاينزەی حەنەفی بووە فقهی ئيسلامی،بەدەوڵەمەنی لە زانست و ڕە و شتی بەرز ناسرابوو، لەكوفە لە دايك بووە.الذهبي، سيراعلام النبلاء ،ج٦/ص٣٩٠-٤٠٣.

(cxx) ابو بكر احمد بن علي الخطيب البغدادي، تاريخ بغداد، دار الكتاب العربي، د.ت، ج١٣/ص٣٣٢-٣٢٤.

(cxxi) تاريخ بغداد، ج١٣، ص٤٢٣.

(cxxii) مصطفى بن عبدالله حاجي خليفة، كشف الظنون عن اسامي الكتب والفنون، بغداد، مكتبة المثنى، د.ت، ج٢، ص١٠١٠.

(cxxiii) مفرج الكروب، ج٤، ص٢١٢.

(cxxiv) الملك المعظم، الرد، ص١٢٧.

(cxxv) الرد، ص ١٨٠–١٨١.

(cxxvi) ابن واصل، مفرج الكروب، ج٤، ص٢١٢.

(cxxvii) مفرج الكروب، ج٢، ص١٢٥.

(cxxviii) ابو شامة، الذيل، ص٩٧.

(cxxix) ئەرسوف: شارێكە دەكەوێتە سەر كەناری دەریا لە فەلەستین. الحموي، معجم البلدان، ج٥/ص٣١٥.

(cxxx) مفرج الكروب، ج٤، ص ص ٢١٠–٢١١.

(cxxxi) الذهبي، سير الاعلام، ج٢٢، ص١٢١.

(cxxxii) سبط ابن الجوزي، مرآة الزمان، ج٨، ق٢، ص٥٣٧.

(cxxxiii) ابو شامة، الذيل، ص٦٢" الصفدي، تحفة، ق٢، ص١٠٩.

(cxxxiv) شرف الدين ابو المحاسن محمد بن نصر ابن العينين، ديوان ابن العينين، تحقيق: خليل مردم بك، دمشق، المجمع العلمي العربي، ١٩٦٤، مقدمة المحقق، ص١٣.

(cxxxv) مفرج الكروب، ج٤، ص٢١٨.

(cxxxvi) المقريزي، درر، ق٢/ ص٣٥٥.

(cxxxvii) مرآة الزمان، ج٨، ق٢/ ص٦٤٥.

(cxxxviii) الصفدي، تحفة، ق٢، ص١٠٩" عمر رضا كحالة، معجم المؤلفين، بيروت، دار احياء التراث، د. ت، ج٨، ص٢٢.

(cxxxix) المنذري، التكملة، ج٥ /ص٣١٨" المرتضى الزبيدي، ترويح القلوب في ذكر الملوك بني ايوب، تحقيق: صلاح الدين المنجد، دمشق، مجمع اللغة العربية، ١٩٦٩، ص٧٣.

(cxl) الحسن بن احمد بن زفر الاربلي : مدارس دمشق وربطها وجوامعها وحماماتها ، تحقيق : محمد احمد دهمان ، دمشق، مطبعة الترقي ، ١٩٤٧ ، ص١٣ " المقريزي : درر ، ق٢/ص٣٥١.

(cxli) ابن واصل، مفرج الكروب، ج٤، ص٢١١.

(cxlii)الحنبلي، شفاء القلوب،٢٧٦.

(cxliii) مؤلف مجهول، الحوادث الجامعة والتجارب النافعة في اعيان المائة السابعة، ت: مصطفى جواد، بغداد: مطبعة الفرات، ١٩٦٩، ص١٠٧.

(cxliv)المنذري، التكملة، ج٢، ص٢٩٦، ابن تغرى بردي، النجوم الزاهرة، ج٦، ص٣١٤" السيوطي، حسن المحاضرة، ج١، ص٢٥١.

(cxlv) ابن تغرى بردي، النجوم الزاهرة، جـ٦، ص٣١٤.

(cxlvi)انباه الرواة،ج٢،ص٢٢–٢٣.

(cxlvii)ابن ابيك الداودار، كنز الدرر،ج٧،ص٢٦٧" السيوطي، حسن المحاضرة،ج٢،ص١٣٦.

(cxlviii)ابن واصل، مفرج الكروب،ج٤،ص٢٤٢.

(cxlix)المقريزي،السلوك،ج١،ق١،ص٢٤٢.

(cl)فردریكی دووەم: لەخێزانی هۆهنشتاون بووله ساڵی ١٢١٥ بووە بە ئیمپراتۆری ڕۆمانی پیرۆز و پاشای ئەڵمانیا و ئیتاڵیا بورگەندی بووە و پاشای سەقەڵیە بووە وەك میراتگری دایكی، لەلەشكركێشی خاچی حەوتەم لەگەڵ مەلیك كامیل ڕێكەوتووە و قودس وچەند ناوچایەكی وەرگرتوتەوە. عاشور،الايوبيون و المماليك،ص١٠١–١٠٤.

(cli)ابن واصل،مفرج الكروب،ج٤،ص٢٤٢" المقريزي، السلوك،١/٣٤٦" الحنبلي، شفاء القلوب،٢٧٦.

(clii)خليل، تاريخ الكرد في الحضارة الاسلامية،ص٣٠٨–٣١٠" العبادي،في تاريخ الايوبيين و المماليك،ص٩٩–١٠٠"عاشور، الايوبيون والمماليك في مصر و الشام،ص١٣٩.

(cliii) الذهبي، سير اعلام النبلاء،ج٢٢/ص١٣١.

(clxiv)ابن تغري بردي، النجوم الزاهرة،ج٦/ص٣٢٣–٣٢٤" عاشور، مصر والشام،ص١١٠.

(clv)القلقشندي،صبح،ج٣/ص٤١٤"السيوطي،حسن،ج٢/ص٢٦٢.

(clvi)بدوي،الحياة،ص٥٢"معروف،نشاة،ص١٥

(clvii)الذهبي،سير اعلام، ج٢٣/ص١٨٧–١٨٨.

(clviii) محمد امين زكى بەگ، خولاصەیەكی تاریخی كورد وكوردستان، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٦،بەرگ٤/لا ١٤٣ ـ ١٤٤ .

(clix) بيبرس المنصورى، تأريخ الدولة الأيوبية و دولة المماليك البحرية حتى سنة ٧٠٢ هـ،دار المصرية، القاهرة، ١٩٩٣م، ص٧.

(clx) احمد موختار العبادى، میژووی ئەیوبی ومەملوكیەكان، و.نیهاد جەلال حبیب الله، چاپی یەكەم، ٢٠١٠، لا٨٩.

(clxi) یاسین صابر صالح، ئینسكلۆپیدیای گشتی، چاپی یەكەم، دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠٥، لا٦٨٥.

(clxii) لویس نۆیەم: یان لویس پێروز پاشای فەرەنسا بوو كوڕی لویسی هەشتەم بوو سەركردایەتی شەڕی خاچی حەوتەمی كرد بۆ سەر میسر له ساڵی ٦٤٧ك/١٢٤٨ز لەو جەنگەدا شكستی خوارد و بە دیل گیرا له لایەن .عاشور، الايوبيون والمماليك،ص ١٢٨–١٣٦

(clxiii) دمیاط: شارێكی كۆنە دەكەوێتە تنس و مصر، لەنێوان دەریای ڕۆم و ڕووباری نیل، ئاو و هەوایەكی خۆشی هەیە، الحموى،معجم البلدان،ج٢/ص٢٦٥.

(clxiv) محمدخضرى بك، سەرچاوەی پێشوو، لا١٨٦.

(clxv) حصن كيفا: هەروەها پێیدەوترا كیبا بریتی بوو لە شارێك و قەڵایەكی گەورە و دەڕوانێتە سەر ڕووباری دیجلە لە نێوان ئامد و دووركەی ئیبن عومەر لە دیاربەكر، پێكهاتبوو لە دووبەر. الحموى،معجم البلدان، ج٢/ص٢٦٥.

(clxvi) الذهبى، المصدر السابق، ص٣٥٨.

(clxvii) خليل،تاريخ الكرد في الحضارة الاسلامية، ص٣٥٠–٣٥٣.

(clxviii) ابن تغرى بردي، النجوم الزاهرة، ج٦،ص٣٢٠" الحنبلي، شفاء القلوب، ص٣٨١" المقريزي، السلوك،ج١/ص٣٤١.

(clxix)كنز الغرر، ج٧،ص٣٤١.

(clxx) ضياءالدينابومحمدعبداللهبناحمدالمالقي (ت٦٤٦هـ/١٢٤٨م)،الجامعلمفرداتالادوية،القاهرة: بلا مط، ١٢٩١هـ،ج١،ص٤.

(clxxi) ابن ابي اصيبعة،عيون الانباء،ص٥٩٩.

(clxxii) بدوي، الحياة العقلية،ص٣٠٠.

(clxxiii) فسطاط: ئەوشارەیە كە عمر و كوری العاص دروستیكردوە دوای فەتحكردنی میسر له ساڵی (٢٠ك/٦٤١ز) دەكەوێتە نزێك حوصنی بابلیون لەسەر كەناری ڕووباری نیلبە لای باكووری ڕۆژهەڵاتیەوە. الحموى، معجم البلدان،ج٤/ص٢٦١–٢٦٣.

(clxxiv) مرآة الزمان، جـ٨، ص٢٠٠، صص٧٤١–٧٤٢" السبكي، طبقات الشافعية الكبرى، جـ٥، ص" المقريزي، السلوك، جـ١، ق٢، ص٣٠٨، ص٣١٥" ابن دقماق، نزهة الأنام، ص١٥٠.

(clxxv) السلوك،ج1/ص٣٤١.

(clxxvi) ابنتغرىبردي،النجوم، ٣٤١/٦"السيوطي،حسن، ٢٦٣/٢"معروف،نشأة،١٧"بدوي،الحياة،ص٤٩.

(clxxvii) ابنتغرىبردي،النجوم، ٣٤١/٦"بدوي،الحياة،ص٤٩.

(clxxviii) سوڵتانبێبەرس: ناسراوە بە مەلیك (زاهیر بێبەرس)' ناوی تەواوی ركن الدين ابوفتوح بيبرس بن عبدالله البندقدارى الصالحى النجم الايوبى التركى البندقداريە، لەكۆتایی ساڵی (٦٢٠ك/١٢٢٣ز) لە دەشتاییەكانی قەفجاق لەدایك بووە، لە ساڵی (٦٥٩ك/١٢٦٠ز) دەسەڵاتی لە دەوڵەتی مەملوكی وەرگرتووە بە دامەزرێنەری ڕاستەقینەی ئەم دەوڵەتە دادەنری.روكن الدين بيبرس المنصورى، زبدة الفكر فى تأريخ الهجرة، ط١، د.م، بيروت، ١٩٩٨، ص٥٥"ابن تغري بردي، النجوم الزاهرة، ج٧/ص٨٦.

(clxxix) بدوي،الحياة،ص٤٩.

(clxxx) ابوشامة،الذيل،ص٢٤٠"الذهبي،المعجم،ص٢٠٩"اليافعي،مراة، ١٥٣/٤.

(clxxxi) ابنكثير،البداية، ٦٠/١٤"السيوطي،حسن، ٤٦٧/١.

(clxxxii) اليونيني،ذيل، ٢٧٩/٣"السيوطي،حسن، ٤٨١/١.

(clxxxiii) الاشعرية :قوتابخانەیەکی ئیسلامی سونیە دامەزرێنەری ئەبی حسن الاشعریە. مصطفی بن محمد بن مصطفی، اصول و تاریخ الفرق الاسلامیە،(د.م) ٢٠٠٣،ص٥٩٩.

(clxxxiv) المقريزي،الخطط،ج٢،ص٣٧٣.

(clxxxv) ابنواصل، مفرج الكروب،ج٥، ص١٦٢.

(clxxxvi) النعيمي،الدارس،ج1/ص٣٩٣" لابيدوس،السياسةالدينية،ص٢٥٤.

(clxxxvii)الجواهري، من تاريخ المكتبات في البلدان،ص١٣١-١٣٥.

(clxxxviii)القاضي الفاضل: ناوی تەواوی ئەبو عەلی عەبدولڕەحیمی کوڕی عەلی کوڕی موحەمەدی کوڕی ئەلحەسەن ئەلبیسانی ئەلعەسقەلانیە. لە ساڵی ٥٢٩/١١٧٥ ك لە عەسقلان ، چەندین پۆستی کارگێڕی وەرگرتووە، لە خەزمەتی سەڵاحەددین کاری کردووە ، وە بۆتە سەرۆکی دیوانی ئینشا، وە دەستی ڕاستی سەڵاحەددین و ڕاوێژکارو هاوڕی خوشەویستوو نزیکی بووە، وە لە گەڵی بووە تاوەکو مردنی لە ساڵی ٥٨٩ك/١١٩٣ز. وە پاشان لە گەڵ نەواکانی سەڵاحەددین کاری کردووە تا وەکو مردنی لە ساڵی ٥٩٦ ك /١٢٠٠ز.الذهبي، سير اعلام، ج٢١/ص٣٣٨-٣٤٤.

(clxxxix)أكۆ برهان محمد، ڕۆڵی زانستی سەلاحەدین و ڕۆلی لەگەڵ زاناکان، ل١١٩.

(cxc)إبراهيم سليمان الكروي، عبدالتواب شرف الدين، المرجع الحضارة العربية الإسلامية، منشورات ذات السلاسل، كويت، ١٩٨٧، ص٤٤٢.

(cxci)ربحي مصطفى عليان،المكتبات في الحضارة العربية الاسلامية،ط١،دار صفاء، عمان،١٩٩٩،ص١٦٢-١٧٠.

(cxcii)الأسنوي،طبقات الشافعية،جـ١،ص٤٩٣.

(cxciii)سعدالدين،المدرسة الاسلامية،ص٩٩-١٠٨ "خليل، تاريخ الكرد في الحضارة الاسلامية،ص٣٠٧-٣٠٨.

(cxciv)إبراهيم سليمان الكروي، المرجع الحضارة العربية، ص٤٤٣.

(cxcv)عليان،المكتبات في الحضارة ص١٣٤.

(cxcvi)محمد رجيب البيومی، سەلاحەدینی ئەیوبی تێکشکێنەری خاچ پەرستانی دوژمنکار، و: مـلا محمد حسن سەرگەینێڵی، چ١، نوسینگەی تەفسیر بۆ بلاَوکردنەوەو ڕاگەیاندن، هەولێر، ٢٠٠٩، ل١٢٩.

(cxcvii)إبن كثير، البداية، مج ١٣، ص ١٨.

(cxcviii) مەبەست لەو وشەیە ئەوەیە کە زۆرێك لە مەلیك و سوڵتانەکان نەوەی یان بەرازای بوونە.

(cxcix)الحنبلی، شفاوالقلوب، ص ٢٢٩.

(cc) إبن الكپير، البدايە، مج ١٣، ص ١٩.

(cci) الحنبلی، شفاوالقلوب، ص ٢٢٩.

(ccii) إبن كپير، البدايە، ج ١٣/ص ٨٤..

(cciii) الحنبلی، شفاوالقلوب، ٢٢٩.

(cciv)ابن شداد، الاعلاق الخطيرە، مج ٢، ص٢٤٩.

(ccv)إبن كپير، البدايە، ج ١٣/ص ٨٥.

(ccvi)ابو شامە ، ژیلعلی الروچتین، ص١١٩ "ماجد عرسان الكیلانی، سەرهەڵدانی نەوەی صلاح الدين وگەڕانەوەی قودس،چاپخانەی ناز، هەولێر،١٩٩٩ ،ص٣١٨-٣١٩.

(ccvii)العلموي ، مختصر التنبيه الطالب ، ص٤٨ " النعيمي، الدارس، ج١/ص ٢٢٩.-٣٠١

(ccviii)احمد عبدالعزيز محمود، ستەم و نادادی دەرحەق بە سەرکردەی مجاهيد سەلاحەددینی ایوبی، وەرگێرانی: زرار علی، چ ١، ب - چ، هەولێر، ٢٠١١، ل٣١١ - ٣١٧ -٣١٨.

(ccix)اليافعي،مرآة الجنان:٤/١٠٥.

(ccx)المقريزي ، السلوك ، ج١/ص٣٦٣ " الحنبلی،شفاء القلوب، ص ٣٢٨ - ٣٢٩.

(ccxi)عباس ، تاريخ بلاد الشام ، ص٢٨٦.

(ccxii)المقريزي ، السلوك ، ج١/ص٣٧٧ .

(ccxiii)محەمەد ئەمین زەکی بگ، خولاصەیەکی تاریخی کوردو کوردستان،چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٦، بەرگی ٤، ب ٢، لا ١٥٤ – ١٥٥.

(ccxiv)بدوي ، الحياة ، ص٣٨.

(ccxv) سبط ابن الجوزي، مرآة الزمان،٨-٢/٧٧٨" المقريزي،السلوك،٤٤٩/١.

(ccxvi)سەعددەدین مەسعود: کوڕی معین الدین انر کوڕی عبدالله تغتکینە میری سوپای شام بووە لێپرسراوی دیمەشق و پارێزەری بووە، سعدالدینی کوڕی یەکێك بوو لە سەرکردە ناودارەکانی سەردەمی نور الدین زەنگی. ابن خلكان وفيات الاعيان، ج٤/ص١١٥" الصفدي، الوافي بالوفيات،ج٩/ص٢٣٤.

(ccxvii)إبن كثير، البداية، ج ١٣، ص ١٧٢ – ١٧٣.

(ccxviii)مظفر الدين كوكبوری: ناوی سەعید کۆکبوری کوڕی ئەبی حەسەنی عەلی کوڕی محەمەدە، ناسرا بوو بە مەلیك موعەززەم مظفر الدين خاوەنی ئەربل بە بنەچە تورکمانن بوونە خاوەنداری ئەربیل و دەورووبەری بوونە ، مظفر الدين لە پاش مردنی باوکی دەسەڵاتی ئەربلی گرتە دەس تەمەنی چواردە ساڵ بوو لە گەڵ سەڵاحەددین بەشداری چەندین چالاکی جەنگی کردووە و لە ساڵی (٦٣٠ك/١٢٣٢ز) مردووە.ابن خلكان، وفيات الاعيان، ج٤/ص١١٣-١٢٠.

(ccxix)الكيلاني، سەرهەلدانی نەوەی صلاح الدين ، ص٣١٩.

(ccxx)مەلیك ئەشرەف: ناوی مظفر الدين موسى کوڕی المنصور ئیبراهیم کۆتا پاشای بنەماڵەی شێرکوەبوو لەحمص، دەسەڵاتی لەحمص گرتەدەس لەپاش مردنی باوکی لە ساڵی (٦٤٤ک/١٢٤٥ز) ، سەردەمی زاهیر بێبەرس دانیناوە بە دەسەڵاتەکەی ئەم سوڵتانە، وەلەساڵی(٦٦١ک/١٢٦٣ز) دەمرێت لە دوای خۆپیارەو پوڵیکی زۆری بەجێهێشتووە.العبادی،قيام دوله المماليك،ص٢٠٠"قاسم، عصر سلاطين،ص٧٥، ٩٣.

(ccxxi)قاسیون: شاخێکە دەڕوانێتە سەر شاری دیمەشق و چەند ئەشکەوتێکی تیدایە گۆڕی چەند کەسێکی چاکەکاری لێیە.الحموی، مجم البلدان، ج٤/ص٢٩٥.

(ccxxii)الحنبلی، شفاو القلوب، ص ٢٣٠.

(ccxxiii)الكيلاني، سەرهەلدانی نەوەی صلاح الدين ، ص٣١٩.

(ccxxiv)عبدالرزاق معاذ، أسهام المرأه في العماره بدمشق خلال العهد الأيوبى،مجله التراث العربى، دمشق، ١٩٨٧،ج ٢٩، ص٧- ٨..

(ccxxv)معين الدين انر: ناسرابوو بە انر لە سەرەتاوە چاودێر و بە خێوکەری منداڵەکانی خاوەندارەکەی (طغتكين) بووە لە دیمەشق پاشان دەسەڵاتی ئەو شارەی وەرگرتووە، خوێندنکەیەکی هەبوو بە ناوی (المعينيه) لە کۆشکی (الثقفين) لە ساڵی (٥٤٤ك/١١٤٩ز) مردووە. الصفدی، الوافی بالوفيات، ج٩/ص٢٣٤.

(ccxxvi)إبن كثير، البدايه، ج ١٢، ص ٣٤٥.

(ccxxvii)معاذ، أسهام المرأه في العماره بدمشق ،ج ٢٩/ص ٨.

(ccxxviii)ابوشامه،الروضتين ف اخبار الدولتين النوريه و الصلاحيه،ج٣/ص٢٤٣-٢٤٥.

(ccxxix)إبن كثير، البدايه، ج ١٣/ص ١٧٠ " الكيلانى ، سەرهەڵدانی نەوەی صلاح الين ،ص٣١٨.

(ccxxx)إبن كثير، البدايه، ج ١٢/ص ٣١٨.

(ccxxxi)معاذ،أسهام المرأه، ص ٨.